مجلة جامعة التنمية البشرية / المجلد.٣ العدد.٤ كانون الاول ٢٠١٧: ص ص ١٢٨-١٥٨
DOI: 10.21928/juhd.20171210.06 , e-ISSN: 2411-7757, p-ISSN 2411-7765

# شرۆڤەکردنی ڕستەی زمانی کوردی
# لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا

**پ.ی.د.ئەبوبەکر عومەر قادر**
**کۆلیجی زمان – زانکۆی سلێمانی**
Abubakir.qadir@univsul.edu.iq

## ملخص

يعالج هذا البحث تحليل الجمل الكردية وفق نظرية العامل والاحكام الربطي، للعالم المعروف نومان جومسكى والتي تعتبر بحق انعطافه كبيرة في القواعد التحويلية التوليدية، التي تَحلّ المسائل المتنوعة للغات المختلفة حسب نظرية الأساس والبارامير.

يشير الباحث في البداية الى مؤشرات القواعد العامة وأُسسها، ثم يُفَسِر فروع هذه النظرية ويُطَّبقها لتأويل جمل اللغة الكردية، للهجة الكرمانجية الوسطى، والتي تتضمن الحركة او التحول الاختياري المتكامل، ويُبيّن الباحث – في نفس الوقت – ايضاً قدرة العنصر المكون وتحكم التراكيب اللغوية المتجانسة، وكذلك تم تفسير الحالات الاعرابية للعبارات الاسمية وإظهار تباين الحالة النحوية والقواعدية ووظيفة (ثيتا) Ɵ-roles في جمل اللغة الكردية، وحددنا الاختزال للتعبير في الحركة وعدم تلفظ اشكال لغوية واحلال محلها بـ pro/PRO و إنقسام الضمائر الى الشخصية والتلميحية التي تعود بالأساس الى الضمير الغير متجسد وكل ذلك بالامثلة العائدة لهذه الحالات وغيرها التي تبين ديناميكية اللغة الكردية التي تحذف بطبيعتها الفاعل الضميري.

## Abstract

This study tries to analyze the Kurdish language, using Chomsky’s (1981) Government Binding theory, which is by itself regarded as a turning point in Chomsky’s Transformational Generative Grammar related to Universal Grammar. This approach will answer the diversity occurs in different languages according to Principles and Parameters.

First, Universal Grammar and its principles have been mentioned in this study. Later on, interpretations are given to the sub-theories of GB with which sentences in central Kurdish are analyzed. Besides, the level and method of the theory a long with the optional and obligatory movements are shown. Interpretations are given to different cases of noun phrase. The difference between grammatical case and theta role is indicated through examples.Again, indicating economy in expression, movement and null-constituents whose places can be filled by PRO/ pro are discussed. The distribution of pronouns to personal and demonstrative which refer back to the empty categories reveals the activeness of Kurdish as a pro-drop language.

مجلة جامعة التنمية البشرية / المجلد.٣ العدد.٤ كانون الاول ٢٠١٧: ص ص ١٢٨-١٥٨
e-ISSN: 2411-7757, p-ISSN 2411-7765

## دەستپێك:

تیۆری دەسەلاّتو بەستنەوە، کە وەرچەرخانێکە لە ڕێزمانی بەرهەمهێندا، بە تیۆری بنچو پارامێتەرەکان ( principles and parameters theory) دەناسرێتو بە بلاّوترین تیۆری ڕۆنانکاری/ بنیادنان ئەژمار دەکرێت، تیۆری دەسەلاّتو بەستنەوە پەیوەستە بە ڕێزمانی گشتی یان سەراپاوە، کە دەتوانێت وەلاّمی جۆراوجۆری زمانە جیاوازەکان بداتەوە، لەو ڕوانگەیەی، تایبەتێتی پێکهاتەیی لە ڕێزمانی زمانەکاندا بالاّترو کۆکەرەوەترە، بەو واتایەی ڕێزمانیگشتی ژمارەیەك بنچو بنەما لەخۆدەگرێتو زمانە جیاوازەکان پەیڕەویان دەکەن، هاوکات ئەم ڕێزمانە ژمارەیەك پارامێتەر لەخۆدەگرێت، هەر پارامێتەرێکیش خاوەنی دوو حاڵەت یان دوو بەهایە، ئەوانیش: بەهای پارامێتەری سەرە- سەرە سەرەتا/ سەرە- تەواوکەر، سەرە کۆتا/ تەواوکەر- سەرە، پارامێتەری جێناوخراو- گۆنەکردنی جێناوی بکەری، مانەوەی جێناوی بکەری. ئەم دوو بنەمایەش دەبنە بناغە بۆ منداڵ کە لە منداڵییەوە لە ژینگەی خۆیاندا وەریدەگرن[1].

لە ڕوانگەی ئەم دەستپێکەوە زمانی کوردی وەك یەکێك لە زمانە سروشتییەکان لێکدانەوەی زانستییانەی بۆ دەکرێت، هەنگاو بە هەنگاو شیکاری ڕستەکانی لە چوارچێوەی وەچەتیۆرەکانی ئەم تیۆرە -دەسەلاّتو بەستنەوە- ئەنجام دەدرێن. بە پێڕەوکردنی ڕێبازی پەسنی شیکارانە، واتە دیاریکردنو ناساندنی ئەم وەچەتیۆرانەو پراکتیزەکردنی لە دەربڕاوی زمانی کوردیدا، بەمەش گرنگی ئەم توێژینەوەیە بەرجەستەکردنی تایبەتێتی هاوبەشو جودای زمانی کوردییە لە چوارچێوەی ڕێزمانی گشتیداو شرۆڤەکردنی پێکهاتەی ڕستەکان، ڕەنگدانەوەی تایبەتێتی زمانی کوردیو گونجاندنێتی لە تیۆری دەسەلاّتو بەستنەوەدا. بۆیە سەرەتا ئاماژەیەکی کورت بە بنەماکانی ڕێزمانی گشتی دەدرێت:

١- ڕێزمانی گشتی: تیۆرگەلێکی لە ڕێزمان بەرجەستەبووە.

بە بۆچوونی چۆمسکی (محمد دبیر مقدم: ١٣٨٣: ٤٢٦) ڕێزمانی گشتی، لە چەند کۆمەڵەیەك پێکهاتووە، کە لەگەڵ یەکتردا هاریکارن، گەرچی هەر کۆمەڵەیەك بوارێکی سەربەخۆی زمانە، بەلاّم دەبێتە تەواوکەر بۆ بواری دوای خۆی، بە واتا دەرهاویشتەی بوارێك دەبێتە ناوەڕۆکی بوارێکی تر، بەمەش تێڕوانینی چۆمسکی بۆ ڕێزمانی گشتی ئەوەیە، کە هەڵقولاّوی تێکەڵبوونی ئاستە پێکهێنەرە جیاوازەکانی زمانەکانن. بۆ نموونە:

١-١/فەرهەنگ/ وشەگەل.

١-٢/ ڕێزمان/ تەرزی ڕێزمان
أ- پۆلە ئاخاوتنەکان
ب- گوێزانەوە/ جێگۆڕکێ

١-٣/ بەشی شێوەی دەنگی.

١-٤/ بەشی شێوەی لۆژیکی.




---

[1] بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە (محمد دبیر مقدم: ١٣٨٣: ٤٢٥) شایانی سەرنجە ئەم سەرچاوەیە سەرچاوەیەکی سەرەکی ئەم توێژینەوەیەیە، کە پشتی بەستووە بە دەیان سەرچاوە لە لێکدانەوەی زانستی تیۆرەکەدا.

١) وشەگەل: مەبەست لە وشە فەرهەنگییەکانە کە بەپێی تایبەتێتی فۆنەتیکیو ڕێزمانی پۆلدەکرێتو واتاکانیان دیاریدەکرێت.

٢) ڕێزمان کۆمەڵە یاسایەك، کە گونجاندن و ڕیزبەندی کەرەستەکان ڕێکدەخات وەك: بکەر، بەرکار، کردارو لێکدانەوەی ئەرکی ڕێزمانی بەپێی جێکەوتەی ڕیزبەندی کەرەسەکان لەخۆدەگرێت. بەواتا:

أ- پۆلە ئاخاوتنەکان، کە لە هزری مرۆڤدایە گەنجینەی پڕکەرەوەی دیوی شاراوە یان ڕۆنانی ژێرەوەی ڕستەن.

ب- جووڵەو جێگۆڕکێی کەرەسەکان، کە بە جوڵەی ئەلفا دەناسرێن، پەیوەست دەبێت بە ڕۆنانی سەرەوە، بناغەی جوڵەی ئەلفا، زاراوەیەکە بۆ چەترێك، کە جوڵەی هەر پێکهاتەیەك لەجێیەکەوە بۆ جێیەکی تر لەخۆدەگرێت. بۆنموونە جوڵەی بەرکار بۆ شوێنی بکەر، لە ڕستەی بکەرنادیاردا.

هاوکات جوڵەی ئەلفا لە بەشەکانی شێوەی دەنگی و شێوەی لۆژیکیدا دیسان کارایە:

٣) جوڵەی بەشی دەنگی بە ڕێزمانی سووك دەناسرێت، کە تێیدا گۆڕانی شێوەی سەرەوە/ ڕووکەش کاریگەری لەسەر واتا دروست ناکات: وەك:

١- کتێبەکەم بۆ تۆ ناردِ. ١. گۆڕینی (ا) بۆ (ێ)

٢- کتێبەکە بۆ تۆ دەنـێـرم. ٢. گۆڕینی جێناو جودا بۆ لکاو لە فرێزی پێشناویداو

٣- کتێبەکەت بۆ ±دەنێرم. جوڵەپێکردن و لکاندن بە بەرکارەوە ئەنجامدراوە.

ئەمە جگە لەوەی کە کاریگەری دەنگە هاوسێکان ڕێگەخۆشکەرن بۆ هاتنە ئارا یان کرتاندنی دەنگ، یان گۆڕینی دەنگ...هتد.

٤) لە دیاریکردنی شێوەی لۆژیکیدا چۆمسکی ئەوەی خستۆتە ڕوو، کە دەشێت بەشێك لە نواندنی واتای ڕستەکە شێوەی لۆژیکی بخاتە ڕوو، بەمەش هاوسەنگی نێوان ڕۆنانی ژێرەوەو ڕۆنانی سەرەوەدا کراوە، بۆنموونە:

٤- ئەوە ڕوون نییە، کە ئازاد کێی بینیوە.

لە ڕوانگەی لۆژیکەوە، ئەوە خراوەتە ڕوو، ڕستەکە واتا دروستە، چونکە کرداری (بینیوە) وەك کردارێکی تێپەڕ بکەرو بەرکار دەخوازێت، لە ڕوانگەی واتاوە، ئەگەرچی نازانرێت بینراو کێیە. لەم ڕوانگەیەوە بنەمای جێکەوتەیی یان ڕیزبەندی کەرەستەکان دەرکەوتەی هەر ئاستێك یان ڕووبەرێکی ڕێزمانی، ڕۆنانی ژێرەوەو سەرەوەو شێوەی لۆژیکی لەخۆدەگرێت، بەواتا دۆخی بیرو بۆچوونەکان لە ڕیزبەندی وشە فەرهەنگیەکاندا بەپێی جێکەوتەکانیان دێتە ئاراوە.

ئاماژەکردن بۆ ڕێزمانی گشتی بەوەی لە تیۆرگەلێك پێکهاتووە، کە پێکەوە پەیوەستو هاریکارن ڕێگەخۆشکەرە بۆئەوەی لە گۆشەنیگای جیاوازەوە تێیان بڕوانرێتو چۆنێتیو ئەرکیان بخرێتە ڕوو، هاوکات تیۆری دەسەلاتو بەستنەوە وەك یەکێك لە بنەماکانی ڕێزمانی گشتی لە ساڵانی دواییدا گرنگی زۆری پێدراوەو بۆتە خاڵێکی وەرچەرخان لە ڕێزمانی بەرهەمهێندا، بەمەبەستی چارەسەری ئەو گرفتانەی کە پێشتر لە شرۆڤەو لێکدانەوەی ڕستەکانی زماندا هاتۆتە ئاراوە.

مجلة جامعة التنمية البشرية / المجلد.٣ العدد.٤ كانون الاول ٢٠١٧: ص ص ١٢٨-١٥٨
e-ISSN: 2411-7757, p-ISSN 2411-7765

## ٢-تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە:

لە چوارچێوەی تیۆری بنج و پارامێتەرەکاندا،جگە لە لێکدانەوەی چەمکە گشتییەکانی کە بە زمانو فێربوون زمان لە ڕوانگەی توانستو توانایوە، پەسنی بوارە جیاوازەکانی ڕێزمانی زمانە، کە لە بیرو تێڕوانینی چۆمسکیدا چەند قۆناغێك تێدەپەڕێنێت. بەمۆدێلی بنجی پێکهاتە ڕێزمانییەکان لە ١٩٥٧دا دەستپێدەکات، بەمەش چەمکی ڕێزمانی بەرهەمهێنو گواستنەوە دێتە ئاراوە، هەنگاوی دواتر کتێبی لایەنگەلێك لە تیۆری ڕستەسازی بەناوی ( Aspects of the Theory of Syntax) ناسرابوو، کە تیۆری ستانداردی بەرجەستەکرد، خودی ئەم تیۆرە بەدیهێنەری دوو جیاکاری بوو، یەکێکیان هاتنە ئارای جیاوازی لەنێوان ڕۆنانەکانی ژێرەوە، کە لەڕێگەی گواستنەوەکانەوە پێکەوە پەیوەست دەبن ئەویتریان دیاریکردنی جیاوازی نێوان توانستو توانا زمانییەکان بوو، کە دواتر بە تیۆری ستانداردی فراوانکراو کۆتایی پێهات، کە تێیاندا چاکسازی جۆراوجۆر لە یاسا ڕێزمانییەکاندا کراو بەدوایاندا مۆدێلی دەسەڵاتو بەستنەوە هاتە ئاراوە (وی.جی کوك. مارك نویسان:١٣١٩: ٣٦) ئەم تیۆرە لەم ساڵانەی دواییدا بایەخی زۆری پێدراوەو بۆتە تیۆری گشتگیر لە شیکاری زمانە جیاوازەکاندا، کۆمەڵێك بنج و بنەما لەخۆدەگرێت، کە هەریەك لەو بنجانە – کە وەك تیۆرێك دیاریکراون –دەبنە وەچە تیۆرێك بە ئاراستەو تایبەتێتی جیاوازەوە لە ڕستەکانی زمان دەڕوانن، کە بریتین لە: (محمد دبیر مقدم:١٣٨٣: ٤٣٧)

١. تیۆری بەند/ سنووردانان bounding theory
٢. تیۆری دەسەڵات government theory
٣. تیۆری پـیتا– ڕۆڵپێدان Ɵ Ɵ-theory
٤. تیۆری بەستنەوە binding theory
٥. تیۆری دۆخ case theory
٦. تیۆری کۆنترۆڵ/ چاودێری control theory

دەبێت ئەوەش لەبیرنەکرێت، کە تیۆری ئێکس بار، خستنەڕووی بنیادنانە لەڕێگەی ڕستەسازی بەرهەمهێنی نوێباوەوەو گەشەپێدانی یاساکانی فرەیز پێکهێنان، کە پشت بە سەرەو تەواوکەر دەبەستێت. (ابوبکر عمر قادر، ٢٠٠٧، ٢٢)

### ٢-١/ تیۆری سنوردانان:

وەك بەشێك لە تیۆری دەسەڵاتو بەستنەوە، ئەرکی دیاریکردنی سنوری ناوەوەی یەکە ڕستەییەکان بەپێی نیشانەی هێزو توانای جێبەجێکردن لەخۆدەگرێت (Matthews:2011:44) بەو واتایەی جوڵەی کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستە، جوڵەیەکی ڕێزمانییە، پەیوەستبوونی هەردوو ئاستی ڕۆنانی ژێرەوەو ڕۆنانی سەرەوە لەخۆدەگرێت، ڕۆنانی ژێرەوە پڕکردنەوەی قاڵبی ڕێزمانی ڕستەیە، بەمەبەستی دارشتنی بیرۆکەیە لەپێش جوڵە، ڕۆنانی سەرەوە، کە دوای جوڵە دێت وەك ئاڵوگۆڕی ڕیزبەندی کەرەسەکان لە مەودایەکی دیاریکراودا چەمکێك دێنێتە ئارا، کە واتادروستو ڕێزمان دروست بێت شوێنی کەرەسە جووڵاوەکان دیاریدەکرێت، بۆیە دەگوترێت: جووڵە پردی پەیوەندی نێوان شێوەی دەنگیو شێوەی لۆژیکییەو بەدیهێنەری (T.model)ە. (وی.جی کوك، مارك نویسان:١٣٨٧: ٤٠).

ڕۆنانی ژ

جولَە

ڕۆنانی س

پێكهاتەی شێوەی دەنگی (دەنگ)

پێكهاتەی شێوەی لۆژیكی (واتایی)

لەم ڕوانگەیەوە، زاراوەی (a ئەلفا) جێگرەوەیە بۆ هەر جۆرێكی جوولەی سنورداری وشە یان پێكهاتە، بەواتا ئەم جۆرە لە جوولە بنجێكی نەگۆڕی تیۆرەكەیەو ئاراستەی جوولە بەپێی جۆری وشە سنوردار دەكات و دیاریدەكات، بەو واتایەی خودی جوولە لە زمانە جیاوازەكاندا تایبەتە بە كەرەستەگەلێك لە سنورێكی دیاریكراودا. دەبێت ئەوە لەیادنەكرێت، كە حوكمی (ئەلفا بجولێنە) لە چوارچێوەی ڕستەیەكدا زۆر سنوردارە، بەوەی، كە جولە نابێت زیاتر لە پێكهاتەیەك بالاتر یان دوورتر بێت، كە دەشێت وشەیەك یان گرێیەك یان ڕستەیەكی شوێنكەوتوو بێت/ گرێیەكی ناوی گەورەكراو، چونكە بنەمای هاوسێیی جولەی پێكهاتەكان بە هاریكاری بنەمای جولەی ئەلفا سنورو تەرازوی ئەم جولەیەیە. (محمد دبیر مقدم:١٣٨٣: ٤٣٨) بەواتا هەر زمانە تایبەتێتی خۆی هەیە لە ڕیزبەندی پێكهێنەرە ڕستەییەكانیدا، وێڕای ئەوەی، كە هەر پێكهاتەیەك یان گرێیەك دەشێت سەرەو تەواوكەر لەخۆبگرێت. لەم ڕوانگەیەوە جولەی پێكهاتەی ڕستەیی زمانی كوردی دەخرێتە ڕوو:

سەرەتا ئەوە یاد دەخرێتەوە، كە جولە یان گواستنەوە پشت بە بنەمای هاوسێیەتی دەبەستێت، بەوەی، كە هیچ جوولەیەك زیاتر لە پێكهاتەیەك تێناپەڕێنێت، پێكهاتەش دەشێت وشەیەك یان دەستەواژەیەك – گرێ – یان ڕستەیەكی شوێنكەوتوو بێت. هاوكات جوولە دوو جۆر لەخۆدەگرێت، گواستنەوەیەكی سەپێنراو، كە بەخورتی ناوبراوە، وەك ئەوەی لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ پۆلو وشەگەلی پرس (..wh)ە، ئەم كردەیە لە زمانی كوردیدا جیاوازە بەوەی پرسكردن لەسەر چ پێكهاتەیەكی ڕستە بێت ئەوا بەپێی ڕیزبەندی كەرەسەكە وشەی پرس لەو شوێنەدا دەبێت، بۆنموونە:

١– كێ هات؟ : ئازاد هات.

٢– كێت دی؟ : ئازادم بینی.

٣– نامەكەت دا بەكێ؟ : نامەكەم دا بە ئازاد.

نموونەكان ئەوە دەخەنەڕوو، كە لەم بوارەدا گواستنەوە ڕوونادات، بەلام ئەگەر وشەی پرس ڕۆلی ئاوەلكاری بینی، لە ڕوانگەی ئەركی ئاوەلكار یان فرێزی پێشناوی ئەوا دەتوانرێت سەرپشكانە جولەی پێبكرێت، وەك:

٤– ئێوە كەی دێن؟

٥– كەی ئێوە± دێن؟

٦- ئێوە بەبۆنەی چییەوە هاتوون؟

ف پ ن

٧- بەبۆنەی چییەوە ئێوە± هاتوون؟

ف پ ن

دەبێت ئەوەش لەیاد نەکرێت، گەر دەرخەر لە فرێزی ناویدا (فۆرمی ڕادە) بێت، ئەوا ئەم فۆرمە جێگۆڕکێی پێدەکرێت، وەك:

خوێندکارەکان هەموو ئامادەن.

هەموو خوێندکارەکان ئامادەن.

جۆرێکی تر لە گواستنەوە لە ڕستەی ئاوێتەدا دەبێت بەوەی گرێی ناوی/ بکەری ڕستەی شوێنکەوتوو بەرەو سەرەتای ڕستەی سەرەکی دەچێتو شوێنپێیەك لە شوێنەکەی جێدەهێڵێت، وەك:

٨- ئەوە دیارە، {کە ئازاد ئارەزووی خواردن دەکات}

٩/أ-ئازاد دیارە، {کە ± ئارەزووی خواردن دەکات}

٩/ب- ئازاد دیارە، {کە ±حەزی لە چییە}

ئەوەی لەم جۆرە جوڵەیەدا بەرجەستە دەبێت، تیشك خستنە سەر کەسی بکەرە. ئەم جۆرە تیشك خستنە لە ڕستەی سادەشدا، لە دوو شێوەدا بەدی دەکرێت:

١. هێنانە پێشەوەی دەرخەری دەرخراو لە گرێی ناوی بکەری ڕستەی کار تێنەپەڕدا، وەك:

١٠- شووشەپەنجەرەکە شکا.

(٢) (١)

١١- پەنجەرەکەشووشەکەی شکا.

(٢) (١)

جگە لە هێنانە پێشەوەی دەرخەر مۆرفیمی (ی) خستنەپاڵ لابرا، دەرخراو ناسراو کراو، جێناوی کەسی سێیەمی تاکی وەرگرتووە. (محمد معروف فتاح، ١٩٩٢، ١٢٨)

٢. هێنانە پێشەوەی بەرکار: (کاروان عمر قادر، ٢٠٠٨، ٧٣)

١٢- ئازادکتێبەکەیکڕی.

١ ٢ ٣

١٣- کتێبەکەئازادکڕی

١ ٢ ٣

**٣. هێنانە پێشەوەی ڕستەی شوێنکەوتوو:**

**١٤- أ. (سەرکوڵمی یار) بەبای باوەشێن پڕدەبێت لە خوێن، (چونکە) زۆر ناسکە.**

**ب. هێندە ناسکە بەبای باوەشێن، سەرکوڵمی ئاڵی پڕدەبێت لە خوێن.**

**ڕستەی یەکەم دارِشتەی ڕۆنانی شاراوە/ ژێرەوەی قاڵبی ڕێزمانی ڕستەی ئاوێتەیە دوای جوولەی کەرەسەکان ڕستەی دووەم بەرهەم هاتووە، کە ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەیە، بەواتایەکی تر لە ڕێزمانی بەرهەمهێندا، (پێکهاتەی ڕستەیی دوو بەش پێکی دێنێت: بنج و گوێزانەوە)[1].**

**١٥/أ-(تۆ) درِك مەبە، ئەگەر (تۆ) ناتوانیت گوڵ ببیت.**

**١٥/ب-ئەگەر گوڵ نیت، درِك مەبە.**

**١٦/أ- من دێم، گەر تۆ بێیت.**

**١٦/ب- گەر تۆ بێیت، من دێم.**

**گواستنەوەیەکی هاوبەشی نێوان زمانەکان هێنانە پێشەوەی بەرکارە بۆ شوێنی بکەر لە ڕستەی بکەرنادیاردا، بەواتا ئەم جۆرە لە گواستنەوە، گواستنەوەیەکی بەخورتییە، بەمەبەستی دارِشتنەوەی قاڵبی ڕێزمانی ڕستە کە یەکسانە بە گ ن – گ ك، وەك لە نموونەکەدا دیاریکراوە:**

**١٧- أ. ئازادکتێبەکەیکڕی.**

**١ ٢ ٣**

**ب. کتێبەکەکڕرا.**

**١ ٢**

**نموونەکان بەگشتی ئاماژەن بۆ سنوری جوڵەی کەرەسە پێکهێنەرەکانی ڕستە لە زمانی کوردیدا، ئەمەش ڕەنگدانەوەی وەچەتیۆری سنووردانانە لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا.**

## ٢-٢/ تیۆری دەسەڵات: Government Theory

**تیۆری فەرمانڕەوایی یان حوکمکردن چەمکی دەسەڵات بەرجەستە دەکات، ئەو چەمکەی هەماهەنگیو گونجان لە پێکهاتە بنجییەکانی ڕستەدا دەنوێنێت، ئەم چەمکە حوکمکردن یان بوونی دەسەڵات، چەمکێکی کۆنە، کە لە ڕێزمانە نەریتیەکان/ باو یان زمانەوانی پێش ڕێزمانی بەرهەمهێندا بەکاربراوە (محمد دبیر مقدم:١٣٨٣: ٤٤٣). بەگشتی دەسەڵات بەو واتایە دێت، کە کەرەسەیەك دەسەڵاتی بەسەر کەرەسەیەکی تردا هەیە لە ڕوانگەی پێویستی کەرەسەکە بە کەرەسەگەلێکی تر، وەك پێویستی کاری تێپەڕ بە بەرکار یان پێویستی پێشناو بەناو، جێناو یان فرێزی ناوی، چونکە دەسەڵات مەرجێکی پێویستە بۆ دیاریکردنی حاڵەتە ڕێزمانیەکان، بەواتایەکی تر چەمکی بنجی تیۆری دەسەڵات بریتیە لەو پەیوەندییەی لەنێوان سەرەی پێکهاتەو کەرەسە وابەستەکانیێتی، واتە پەیوەندییەکی پێکهاتەییە، کە زاڵی دەسەڵاتی پێکهاتەی کەمینەیە.**

**٢-٢-١/ دەسەڵات:**

---

[1] مەبەست: بنج پڕکردنەوەی قاڵبی ڕێزمانی، گوێزانەوەو لابردنو جوولەی کەرەسە پێکهێنەرەکان بێ ئەوەی کاریگەرییان لەسەر واتا هەبێت.

مجلة جامعة التنمية البشرية / المجلد.٣ العدد.٤ كانون الاول ٢٠١٧: ص ص ١٢٨-١٥٨
e-ISSN: 2411-7757, p-ISSN 2411-7765

بۆ نواندنی چەمکی دەسەڵات لەنێوان سەرەو کەرەسە پەیوەستەکانیدا، پێویستی تەواوکاری واتای دەربڕراو بەرجەستە دەبێت بۆ نموونە دەگوترێت:

**١- ئازاد هات.**[1]

لە شیکاری درەختیدا، ئەم فۆرمە وەردەگرێت:




لێرەدا پێکهاتەی A وەك فریزێك دەسەڵاتی بەسەر Bدا وەك فریزێك دەبێت، ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە پەیوەندی A و B پەیوەندییەکی ئاسۆییە، واتە هیچ کامیان لەڕووی شوێنەوە باڵاتر نین، دیسان A و B وەك دوو پێکهێنەری ڕستە دەچنە ژێر یەك گرێوە (S) بەواتا هەردوکیان یەکتر هەڵدەسوڕێنن.

**٢- ئازاد کتێبێکی بۆ دانا کڕی.**

شیکاری درەختی ئەم ڕستەیە:




لەم شیکارەدا، لە ڕوانگەی گونجاندنی بکەرو کردارەوە، کات و کەس جێگەی دراوەتێ- ئەگەرچی INFL لە پێکهاتەی کرداردایە، دابەشکردنی دووانی کراوەتە سیانی بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی تیۆرەکە، خستنەڕووی پەیوەندی ئاسۆیی‌و بەسەردا ڕوانین –شیکارەکەش ئەوە دەگەیێنێت، کە:

١. VP دەسەڵاتی بەسەر $NP_1$ و INFLدا هەیە.

٢. VP دەسەڵاتی بەسەر هیچ کام لە فریزەکانی $NP_2$، PP، Vدا نییە، بەڵکو دەڕوانێت بەسەریانداو سەرپەرشتیاریانە.

٣. بەهەمان شێوە PP دەسەڵاتی بەسەر $NP_2$، V، INFL، $NP_1$دا هەیەو دەڕوانێت بەسەر P و $Np_3$دا.

٤. واتە: ئەگەر لە PPیەوە بۆ یەکەم گرێی سەرپەرشت (S) بەرز ببینەوە ئەوکات دەستمان دەگاتە گرێ ناوبراوەکان.

---

[1] لەم توێژینەوەیەدا بەمەبەستی جیاکاری، نموونەکانی هەریەك لە تیۆرە پێکهێنەرەکانی تیۆری دەسەڵات‌و بەستنەوە بە ژمارە (١) دەستپێکردووە.

لەم ڕوانگەیەوە بۆ بەئاگابوونی زۆرتر دەبێت لە چەمکی دەسەڵاتی پێکهاتەیی بڕوانین، کە لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا پێناسەی جۆراوجۆری بۆکراوە، یەکەم کەسێك کە پێناسەی بۆ کردووە، (رین هارت) بووە لە (١٩٧٦) (محمد دبیر مقدم:١٣٨٣: ٤٤٥) کارکردن و کاریگەری ئەم چەمکەی لە دیاریکردنی بۆ گەڕاوەی جێناوەکاندا بووە.

**٢-٢-٢/ دەسەڵاتی پێکهاتەیی: Constituent Command**

بنەمای پێکهێنەری دەسەڵات پەیوەستە بە جۆری پەیوەندی دەربڕراوەکانەوە، لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، کە:

گرێی A دەسەڵاتی پێکهێنەری بەسەر گرێی Bدا دەبێت، ئەگەر:

١- نە A بڕوانێت بەسەر Bدا، نە B بڕوانێت بەسەر Aدا، واتە هەردووکیان دەکەونە ژێر گرێیەکی - پرۆژەی گەورەکراو - وەك S).

٢- پرۆژەی گەورەکراوی زۆرینە (maximal projection) دەبێتە سەرپەرشت بەسەر هەردوو گرێی A و Bدا.

ئەوەی لەم بوارەدا مەبەستە: پرۆژەی گەورەکراوی زۆرینە، ئەو گرێیەی پەلك دەکرێتو دەڕوانێت بەسەر A و Bدا واتە S، هاوکات پێشبینی دەکرێت کە A پەلك بکرێتو بڕوانێت بەسەر Bدا جا AS بێت، یان نا. بەواتایەکی تر، دەشێت، پرۆژەی گەورەکراوی زۆرینە، VP یان PP یان S بێت. هاوکات لە چوارچێوەی گوزارشتەکانی تیۆری $\bar{X}$ ئێکس باردا، پرۆژەی گەورەکراوی زۆرینە، گرێیەکە، کە خاوەنی بەهای جووت بارە، واتە ( $\bar{\bar{N}}$، $\bar{\bar{V}}$، $\bar{\bar{P}}$) کە هەمووان بە $\bar{\bar{X}}$ دەنوێنرێن. لەم ڕوانگەیەوە نموونەی ژمارە دوو شیکار بکرێتەوە، بەوەی کە لە شیکاری درەختیدا خراوەتە ڕوو:

$NP_1$ دەسەڵاتی بەسەر INFL و VP و ئەوەی دەچێتە ژێر پەلکەکانی VP، یان ئەوانەی VP دەڕوانێت بەسەریاندا دەبێت، لەم ڕوانگەیەوە پرۆژە یان گرێی گەورەکراوی زۆرینە (S)ە.

هەروەها V دەسەڵاتی بەسەر $NP_2$ و PP و ئەوەی PP بەسەریدا دەڕوانێت دەبێت، چونکە گرێی گەورەکراوی زۆرینە V (واتە یەکەم گرێی پەلك کراوی سەرپەرشتی V) VPیەو ئەگەر لە Vیەوە هەڵکشێین دەستمان بە گرێکانی تر دەگات. بەم پێیە $NP_2$ دەسەڵاتدارە بەسەر V، PP ئەوەی PP بەسەریدا دەڕوانێت دەسەڵاتی پێکهاتەییە، بەهەمان جۆر PP دەسەڵاتی پێکهاتەیی بەسەر V و $NP_2$دا هەیە.

لە کۆتاییدا P و $NP_3$ دەسەڵاتی پێکهاتەییان بەسەر یەکدا هەیە، چونکە گرێی گەورەکراوی ئەم دوانە PPیە، لەکاتێکدا $NP_2$ دەسەڵاتی پێکهاتەیی بەسەر INFL و $NP_1$دا نییە، چونکە گرێی گەورەکراوی زۆرینەی باڵای - سەرپەرشتی - $NP_2$ گرێی VPیە، کە خۆی باڵاتر نییە یان نارِوانێت بەسەر INFL و $NP_1$دا، بەم پێیە ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە هیچکام لە V و PP دەسەڵاتی پێکهاتەییان لەسەر $NP_1$ نابێت، ئەم ڕوانگە تیۆرییە لە زمانی کوردیدا دەبەزێنرێت، بەوەی V کاتوکەس لەخۆدەگرێت دەسەڵاتی پێکهاتەیی بەسەر $NP_1$ بکەری ڕستەدا دەبێت. هاوکات $NP_3$ ناتوانێت دەسەڵاتی پێکهاتەیی بەسەر $NP_2$ و Vدا هەبێت، چونکە گرێی گەورەکراوی $NP_3$، PPیە. بەو واتایەی کەرەسەی شیکارکراوی گرێیەك دەسەڵاتی پێکهاتەیی بەسەر گرێکەو باڵاتریدا نییە.

e-ISSN: 2411-7757, p-ISSN 2411-7765




لە ڕوانگەی ئەم پێشینەیەوە لەسەر دەسەلاتی پێکهاتەیی، ڕێگە بۆ لێکدانەوەی چەمکی حوکمکردنGovernment دەکرێتەوە، کە کاریگەری وشەیەك لەسەر وشەگەلێکی تر لەخۆدەگرێت لە ڕوانگەی هەموارکردنەوە، کە بەلای چۆمسکییەوە حوکمکردن بریتییە لە نزیکترین پەیوەندی دەسەلاتی پێکهاتەیی، وێڕای پێویستی بوونی دوو مەرجی تر لەسەروو پەیوەندی پێکهاتەیی، کە ئەوانیش:

١. تەنها سەرەکان دەتوانن ڕۆڵی فەرمانڕەوایی ببینن.

٢. تەنها جێکەوتەی گرێی ناوی و گرێی پێشناوی قبوڵکەری حوکمکردنن.

هاوکات سەرە یان حوکمکەر بەگشتی بریتیە لە ڕەگەزی گەردانکەری: کاتدار، کردار، پێشناو لە چوارچێوەی گوزارشتەکانی تیۆری ئێکس باردا، کە بە (N، V، P) ئاماژەیان بۆ دەکرێتو هەموویان بە $X^{\circ}$ دەنوێنرێن. (محمد دبیر مقدم:١٣٨٩: ٤٤٧)

هاوکاری نێوان دەسەلاتی پێکهاتەییو دەسەلات پەیوەستە بە دیاریکردنی چۆمسکی بۆ گۆڕراوەکانی a ئەلفاوB بێتاو هاوشێوەکانیان لەگەڵ فەرمانڕەواییدا، بەراورد دەکات.

## ٢-٢-٣ حوکمکردن Government

لە ڕوانگەی گۆڕراوەکانی گرێکانی A و Bدا دەگوترێت، گرێی A فەرمانڕەوایی گرێی B دەکات، ئەگەر:

١. A سەرەبێت.

٢. گرێی گەورەکراوی زۆرینەی سەرپەرشت بەسەر B دا هەمان گرێی سەرپەرشتی A بێت.

٣. A دەسەلاتی پێکهاتەیی بەسەر B دا هەبێت.

لە ڕوانگەی مەرجەکانی حوکمکردنەوە، دەگەڕێینەوە بۆ لێکدانەوەی نموونەی ڕابردوو- ئازاد کتێبێکی بۆ دانا کڕی.

١. بەوپێیەی INFL ڕەگەزێکی ڕێزمانی گەردانکەرە –ڕێکخەری کاتو کەسی بکەرو کردارە– دەبێتە سەرەو حوکمی $NP_1$دەکات.

٢. جێکەوتەی گرێی زۆرینەی S،$NP_1$ ە، کە سەرپەرشتی $NP_1$ و INFL دەکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە INFL دەسەڵاتی پێکهاتەیی بەسەر $NP_1$ دا هەیە.

٣. لەم ڕوانگەیەوە V لە شیکاری درەختیدا حوکمی $NP_2$، PP دەکات، چونکە V سەرەتای پێکهاتەی VP یەو خودی VP زاڵە بەسەر V، $NP_2$، PP دا.

٤. گرێی پێشبینیکراوی گەورەتری $NP_3$ کە PP یە زاڵ نییە بەسەر V دا بەڵکو P وەك سەرە حوکمی $NP_3$ دەکات، لەم لێکدانەوەیە جەخت دەکرێتەوە لەسەر ئەوەی، کە حوکمکردن پەیوەستە بە یاساگەلێکی دەسەڵاتی پێکهاتەیی وەك ئەوەی لە شیکاری درەختی نموونەکەدا هاتووە، کە V دەسەڵاتی پێکهاتەیی بەسەر $NP_2$، PP ئەوەی PP زاڵە بەسەریدا وەك $NP_3$ هەیە، بەڵام نابێتە حوکمکەر بەسەر $NP_3$ دا چونکە سەرەی $NP_3$، P یە.

## ٢-٣/ تیۆری دۆخی ڕێزمانی: casetheory

ئەم وەچە تیۆرە لە تیۆری دەسەلاتو بەستنەوەدا بە تیۆری دۆخی ڕێزمانی ناو دەبرێت، کە تێیدا ڕۆڵی گرێ ناوییەکانی پێکهاتەی ڕستە دەخرێتەڕوو، لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، لە تێڕوانینی ورد بۆ پۆلە فراوانەکانی ناو، کردار، ئاوەڵناو، پێشناو، وەك بەشە ئاخاوتن، تەنها کردارو پێشناو هاوبەشن لە بەخشینی ڕۆڵی ڕێزمانی بە گرێ ناوییەکان، هاوکات ڕەگەزی ڕێزمانی کاتو کەس– INFL– یش ئەرکی گونجاندنو ڕێکەوتنی بکەرو کردار لەئەستۆ دەگرێت بۆ بەخشینی ڕۆڵی ڕێزمانی بە گرێی ناوی بنجی ڕستە.

دۆخی ڕێزمانی گرێی ناوی، لە پێنج حاڵەتدا بەرجەستە دەبێت، (محمد دبیر مقدم:١٣٨٩، ٤٥٠).

١. دۆخی بکەری: سەری ڕێزمانی بەخشەری دۆخ INFL ە، وەك:

١– کوڕەکە هات Ø

م.کات　　　کات و کەس

٢– کوڕەکان هاتن

دۆخی ڕێزمانی بکەری

Nominative case

٢. دۆخی بەرکاری: کرداری تێپەڕ تەواوکەری ناوەکی – لە پێکهاتەی گرێی کرداریدا – دەخوازێت، کە ڕوودانی بەسەردادێت، وەك:

٣– ئازاد کتێبەکەیکڕی.

بەرکار　　کرداری تێپەڕ

تەواوکەری ناوەکی

دۆخی ڕێزمانی بەرکاری

Accusative case

مجلة جامعة التنمية البشرية / المجلد.٣ العدد.٤ كانون الاول ٢٠١٧: ص ص ١٢٨-١٥٨
e-ISSN: 2411-7757, p-ISSN 2411-7765

**٣. دۆخی تەواوکەری پێشناوی[1]: ناو/ گرێی ناوی حوکمکراو لەلایەن پێشناوەوەو ڕۆڵی تەواوکەری بەیاریدە دەبینن، لە خستنەڕووی لایەنە نادیارەکانی ڕوودانی کرداردا، وەك:**

**٤- ئازاد به پێ هات بۆ زانکۆ.** دۆخی ڕێزمانی پێشناوی

N–P N←P

**٥- ئازاد کتێبەکەی دا بە براگەورەکەی.** Dative case

PNP

**ئەم جۆرە لە دۆخ لەگەڵ ئەو کردارانەی دوو داواکار دەخوازن داواکراوەکان بە بەرکاری بەرایی (primary object) و بەرکاری دووەم (secondary object) دادەنرێن لەم یاسایەدا بەرجەستە دەبێت {( NP NPV$_{VP}$ )} (محمد دبیر مقدم:١٣٨٣: ٤٤٨)**

**٦- ئازاد {کتێبێکبە دلێردەدات.}**

**بەرکار بەرکار**

**(٢) (١)**

**ڕاستەوخۆ لەڕێی پێشناوەوە**

**ئەگەرچی ئەمە لێکدانەوەی وای بۆکراوە، کە دۆخی بەرکاری دووەم دۆخێکی زگماکییە، بەڵام لەڕاستیدا ئەو کردارانەی جووت گرێی ناوی دەخوازن بەرکاری دووەمیان سەرەی حوکمکەریان پێشناوێکە، کە ڕێچکەی بەشداربوونیان لە پێکهاتەی ڕستەدا بۆ خۆشدەکات، ئەمەش ئەوە دەگەێنێت کە دۆخی ڕێزمانی زگماکی لە زمانی کوردیدا نییە، بەڵکو ڕیزبەندی پێکهاتەکان بێ بوونی هیچ ئاماژەیەکی چەسپاو – پێشگر، پاشگر – لە جێکەوتەکاندا، ئەوە دەخاتە ڕوو کە بەخشینی دۆخ پەیوەستە بە هاوسێیەتییەوە.**

**٤. دۆخی خستنەپاڵ: genitive ناو، جێناو، یان گرێی ناوی، کە دەکەوێتە پێکهاتە{NP-X} لە حوکمکراوی پێکهاتەکەداسوودمەند دەبێت. بۆنموونە:**

**٧- ئازاد کتێبەکەیتۆیخوێندەوە.**

**سەر خ تەواوکەر کرداری تێپەڕ**

**گ ن بەرکار**

**تەواوکەری ناوەکی**

**٨- ڕەشەبایسلێمانی بەهێزە.**

**سەرە خ تەواوکەر**

[1] هەندێك نووسەر فۆرمی پێشبەند بۆ (preposition) بەکاردەهێنن، کە دەشێت کەرەسەی تریش لەخۆبگرێت، بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە: وریا عمر امین ئەلۆمۆرفی ڕێزمانی ١٩٨٩، ١٦٧، (سەلاح حەوێز، ٢٠١٤: ٦٣).

گ:ن بکەرییە




٥. دۆخی زگماکی: ئەو گرێ ناویانەی، دەکەونە ژێر حوکمی بەشێك لە گرێ حوکمکەرەکانداو خاوەنی دیاریکاری {N}ن، خۆیان خاوەنی دۆخی زگماکیی، یان خۆیین، ئەم جۆرە لە دۆخ چۆنێتی دەربڕینی پێکهاتەیەکی فەرهەنگی لەخۆدەگرێت، کە دەچێتە پێکهاتەیەکی لەخۆگەورەتر، بۆنموونە لە زمانی ئەڵمانیدا تاکە وشەیەك لە ڕوانگەی ئەرکی بکەری یان بەرکاری بۆ نێرو بۆ مێ لە تاكو کۆدا فۆرمی جیاواز لەخۆدەگرێت. ئەمە بە دۆخێکی زگماکی ئەژماردەکرێت. (Matthews: 2011: 195).

بە بۆچوونی چۆمسکی (محمد دبیر مقدم: ١٣٨٣: ٤٥٠) یاسا ڕێزمانییەکان دیاریکەری دۆخی پێکهاتەییو دۆخی زگماکی تەنها لەلایەن هەندێك کردارەوە بەرجەستە دەبێت، بەلایەوە دۆخی زگماکیو تەواوکەری بەیاریدە لە ڕۆنانی ژێرەوەدا دیاریدەکرێن، دواتر لە ڕووکەشدا دەردەکەون. لەکاتێکدا (سەلاح حەویز ڕەسول: ٢٠١٤: ٦٩) دەڵێت "چۆمسکی دوو جۆر پێدانی دۆخ جیادەکاتەوە: پێدانی دۆخی ڕۆنانی، کە بە تەواوی پشت بە دەسەلات government دەبەستێ، بەشێوەیەکی تایبەتیو پێدانی دۆخی بنجی، کە پشت بە دوو مەرج دەبەستێ: (١.پێدانی ڕۆڵی بابەتانەو، ٢.دەسەلات). بۆ پشتگیری بۆچوونەکەی چەند نموونەیەکی خستۆتەڕوو.[1] لە ڕاستیدا نموونەکانی (٨٥) أ–، لەگەڵ بۆچوونەکەدا ناگونجێت.

لە تێڕوانینێکی زانستیانەوە، شیکاری پێکهاتەیی ئەم ڕستەیە، جۆرە جیاوازەکانی دۆخی ڕێزمانی گرێ پێکهێنەرەکان دەخرێنەڕوو:

مجلة جامعة التنمية البشرية / المجلد.٣ العدد.٤ كانون الاول ٢٠١٧: ص ص ١٢٨-١٥٨
e-ISSN: 2411-7757, p-ISSN 2411-7765

٩- ئازادپێوایە، کەئەوکتێبەکەیلەسەرمێزەکەبەجێهێشتووە.




بەخشینی دۆخی ڕێزمانی بە گرێ ناوییەکان:

١. هۆکاری بەخشینی دۆخی بکەری بەهەریەك لە (ئازاد)و (ئەو) لە ڕستەی سەرەکیو شوێنکەوتوودا، ڕێکەوتنی کاتو کەسە، واتە (INFL) کە ڕەگەزێکی ڕێزمانی گەردانکەرە.
٢. بەخشینی ڕۆڵی/ دۆخی بەرکاری بە گ ن –کتێبەکە– داواکاری کرداری بەجێهێشتووە، یە.
٣. سەرمێزەکە وەك گرێیەکی ناوی دۆخی ڕێزمانی لە (لە)ی پێشناو وەرگرتووە وەك تەواوکەرێکی بەیاریدە، داواکاری دووەمی کرداری –بەجێهێشتووە–، وابەستەکردنی دۆخی ڕێزمانی هەموو گرێیەکی ناوی بەسەرەی ئەو گرێیەوە بنەمایەکی گشتییە، بە واتا ئەم وتەیە بۆ هەموو گرێکان ڕاستەو لە تیۆری دەسەڵاتو بەستنەوەدا ناونیشانی پاڵیوەری دۆخی پێدەدرێت، هەر لەم ڕوانگەیەوە دەگوترێت: یەکێك لە کاریگەرییەکانی چەمکی حوکمکردن لە تیۆری دۆخدایە، بەو واتایەی، کە حوکمکردن زۆر گشتگیرترو فراوانترە لە بەخشینی دۆخ، خودی دۆخ بەخشین بەشێکە لە پێڕەوەکانی تیۆری حوکمکردن. لەم ڕوانگەیە شیکاری نموونەی پێشوو بە گۆڕانێکی کەمەوە دەخرێتەڕوو.

١٠- ئازادپێوایە، کە ئەو کتێبەکەی تۆیلەخوێندنگەبەجێهێشتووە.




لەم ڕستەیەدا، کرداری ڕستەی سەرەکی –پێوایە– دەبێتە سەری حوکمکەر بۆ کۆی ڕستەی شوێنکەوتوو. لە کاتێکدا ڕستەی شوێنکەوتوو تەنیا کەتیگۆرییەك نییە، کە دۆخ وەربگرێت، هاوکات کرداری بەجێهێشتووە حوکمی گرێی ناوی خاوەنێتیو گرێی پێشناوی دەکاتو دۆخی بەرکاری بەرکارو بەرکاری بەیاریدەیان پێدەبەخشێت. بە واتا دۆخی بەرکاری یان تەواوکەری ڕاستەوخۆ، داواکاری کرداری ڕستەیە، بەڵام خوێندنگە دۆخەکەی لە پێشناوەوە وەرگرتووە. لە کاتێکدا

جێناوی تۆ وەك تەواوکەری واتایی کتێبەکە –گرێی ناوی خاوەنێتی– دۆخەکەی لە ڕێگە (ی) خستنەپاڵەوە وەرگرتووە. ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت کە خاوەنێتی وەك سەرەکانی (P, V, INFL)توانای بەخشینی دۆخی هەیە. جا کردار تەواو بێت یان ناتەواو:




ئەوەی جێی سەرنجە حوکمکردنی لە ڕستەی شوێنکەوتووی ناویدا، لە ڕاستەوە بۆ چەپە، لە کاتێکدا لە ڕستەکانی تردا، کردار وەك سەری حوکمکەر دەکەوێتە لای چەپی ڕستەو حوکمەکەی لە چەپەوە بۆ ڕاستە.

### ٢–٤/ تیۆری ڕۆڵپێدانTheta roles Ө theory

بەشێکە لە تیۆری حوکمکردنو بەستنەوە، پەیوەستە بە ئەرکێکی دیاریکراوی ڕۆڵی پیتاوە، کە ئەرکێکی گرنگی بنەمای پێوەری پیتایەو دەخوازێت هەر ئەرگومێنتێکی کردار تەنیا یەك ڕۆڵی پێبسپێرێت. لەم ڕوانگەیەوە دەگوترێت پـێتاڕۆڵ وەك زاراوەیەك لە تیۆری حوکمکردنو بەستنەوەدا، گرتنەوەی ڕۆڵە واتاییەکان، وەك ئاماژەی بکەریو بەرکاری –حاڵەتی ئیعرابی– لەخۆدەگرێتو بە roles دەنووسرێت (P.H. Matthews: 2011: 407) بەو واتایەی ئەرکی تیۆری پیتا دیاریکردنی بواری واتاییە، وەك کارا، پێشوازی، ملکەچ بوون، دەسپێك، ئەزموونگەر، بەهرەوەرو هاوشێوەکانیان، لە چوارچێوەی تیۆری دەسەلاتو بەستنەوەدا، بە ئەرکی پـێتایی دەناسرێنو لە پێکهاتەی (thematic- roles) هەڵقولاون. پێویستە ئەوە بزانرێت، کە ئەرکەکانی پیتا لە بنچو ناوەڕۆکدا هەمان ئەو بوارە واتاییانەن کە لە ڕێزمانی دۆخدا ئاماژەیان بۆکراوە، بەڵام ئەوەی شیاوی ئاماژەبۆکردنە، لە خستنەڕووی ئەرکەکانی پیتادا ئەوەیە، کە بوارو ئەرکە ڕێزمانییەکانی وەك (بکەر، بەرکارو هاوشێوەکانیان)، لەگەڵ بوارو ئەرکی واتایی (کارا، پێشوازیکەر/ ملکەچو هاوشێوەکانیان) هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییە، بۆ نموونە:

مجلة جامعة التنمية البشرية / المجلد.٣ العدد.٤ كانون الاول ٢٠١٧: ص ص ١٢٨-١٥٨
e-ISSN: 2411-7757, p-ISSN 2411-7765

١- ئازادپارەکەیخستـــەگیرفانی داناوە. (لەڕووی تیۆری دۆخەوە)

بکەر بەرکاری کردار گرێی ناوی بەخشینی حاڵەتی ڕێزمانی

یەکەم پێشناو بەرکاری دووەم

٢- ئازادپارەکەیخستـــەگیرفانی داناوە. لەڕووی تیۆری پیتاوە

کارا ملکەچ بوون کردار گرێی ناوی

سوودمەند

ئەم دوو ئاڕاستەیە بەراوردێکمان لەنێوان دوو تیۆری دۆخو پیتاوە بۆ دیاریدەکات لەگەڵ ئەوەی کەرەسەکان یەکسانن، لەم ڕوانگەیەوە چۆمسکی جەخت لەسەر نەبوونی پەیوەندی لەنێوان دۆخی ڕێزمانیو دۆخی واتایی دەکاتەوەو ئەوە دەخاتەڕوو کە یەك حاڵەتی پێکهاتەیی دەتوانێت ڕۆڵی پیتایی جۆراوجۆر ببینێت، بەڵام لە تیۆری دۆخدا یەك ڕۆڵ دەبینێت (محمد دبیر مقدم: ١٣٨٣: ٤٦١) بۆ نموونە:

٣- ئازاد زۆر زوو هات.

٤- ئازاد کتێبێکی دا بە دانا.

٥- ئازاد حەزی لە خوێندنەوەیە.

ئازاد لە تیۆری دۆخدا لە هەرسێ ڕستەکەدا (٣، ٤، ٥)، بکەرە، بەڵام لە تیۆری پیتادا، واتە (لێکدانەوەی واتایی) کاراو دەسپێك –مبتدأ– ئەزموونگەرە. ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت، کە لە تاکە ڕستەیەکدا جێکەوتەیەکی ڕێزمانی وێنای زۆرتر لە ئەرکێکی بۆ بکرێت، بۆ نموونە لە ڕستەی چوارەمدا دەتوانرێت دوو ئەرك بە (ئازاد) بدرێت، ئەویش کاراو دەسپێکە. هاوکات هەر لە ڕستەی چوارەمدا، کە کردارەکەی دوو بەرکار دەخوازێت لە تیۆری دۆخدا دەبنە بەرکاری یەکەمو بەرکاری دووەم، بەڵام لە تیۆری پیتادا، فۆرمەکانی (کتێبێك، دانا) دوو ڕۆڵی جیاوازیان دراوەتێ.

خاڵێکی تری جیاوازی نێوان تیۆرەکانی دۆخو پیتا، فۆرمەکانی (ئەوە، وەها/ وا)یە کە ئاماژەی جێناوییان نییە.

٦- وەها دیارە، کە ئازاد زیرەك دەبێت.

٧- ئەوە ڕوونە، کە کێ دەیباتەوە.

٨- وەها/ وا دەزانرێت، کە ئازاد یارییەکە دەباتەوە.

٩- ئەوە زانراوە، کە ئازاد یارییەکە دەباتەوە.

لە دوو ڕستەی (٧، ٩)دا فۆرمی (ئەوە) ڕۆڵی جێناوی نیشانەی نییە، بەڵکو وەك ئاماژەیەك بۆ گرێی کرداری ڕستەی سەرەکی، لە ڕستەی (٦، ٨) دا وەها جێگەی بکەری گرتووە، بۆیە لە تیۆری دۆخدا ڕۆڵی بکەر دەبینێت، لە ڕستەی (٩،٨) دا کردار بکەر نادیارەو لە قاڵبی ڕستەدا دیسان شوێنی بکەر یان جێگری بکەری گرتووە، بەپێی ئەم پێشینەیە

دەتوانرێت شوێنی فۆرمەکانی (ئەوە- وەها/ وا) بە جێکەوتەی بەتاڵ بناسرێت، بەتایبەت لەگەڵ ئەو فۆرمانەی توانای ڕۆڵبەخشینیان نییە وەك: (دەشێت، پێدەچێت، دەردەکەوێت، بێگومان، ڕوون، ئاشکرا...) دا بۆنموونە:

١٠- {- {گ ك {پێدەچێت ئازاد بەئاگابێت}}}

١١- {ئازاد {گ ك {پێدەچێت t بەئاگابێت}}}

١٢- {-{گ ك {بێگومان ئازاد بەئاگادەبێت}}}

١٣- {ئازاد {گ ك {بێگومان t بەئاگادەبێت}}}

بە تێڕوانین بۆ فۆرمی ڕستەکان تێبینی ئەوەدەکرێت کە:

١. لەگەڵ ئەوەی فۆرمەکانی (پێدەچێتو بێگومان) دەسەلاتیان بەسەر (ئازاد) دا هەیە، بەلام ناتوانن دۆخی بکەری بە ئازاد ببەخشن، چونکە کرداری دۆخ بەخش نین. وەك لە ١٠و١٢دا دەردەکەوێت.

٢. ئەوەی جێی سەرنجە جێکەوتە بەتاڵەکانی (١٠و١٢)، (pro) ی تێدا دانانرێت بۆیە هێنانە پێشەوەی ناوی (ئازاد) لە نموونەکانی (١١و١٣)دا لە زمانی کوردیدا ئەگەر جوولەیەکی ئارەزوومەندانەش بێت، بەمەبەستی تیشك خستنەسەرێکی زۆرترە، بەلام لە زمانی ئینگلیزیدا گواستنەوەیەکی بەزۆرە/ خورتیە بەمەبەستی ڕێزمان دروستی ڕستەکان، کە بە پالاوتەی دۆخ -Case filter- دادەنرێت، بەواتا: هەرگرێیەکی ناوی دەربڕراوی دەنگیی، دەبێت دۆخی هەبێت، گەر دەربڕراو نەبێت بە (pro) دەنوێنرێت، لەم ڕوانگەیەوە شوێنپێی گرێی ناویو (pro)ی دەرنەبڕراو دۆخ وەرناگرن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕەوتی گرێی ناوی بێ دۆخ لە نموونەکانی (١١و١٣)دا، ڕوونەو دانانی (pro) هەنگاوێکی زانستییەو لە تیۆری چاودێریدا ڕووندەبێتەوە، لەکاتێکدا ئەم فۆرمانە بەپێی تیۆری پیتا هیچ ڕۆڵێك وەرناگرن، بەلکو ملکەچی ئەو شوێنەن. بە واتا جێگەی بکەر لە ڕوانگەی ئەرکەکانی پیتاوە ڕۆڵیان وەرنەگرتووە، بۆیە بەڕۆڵ بزرکەر ناودەبرێن.

دیسان دەبێت بزانرێت، کە ڕۆڵی پیتا لە ڕۆنانی ژێرەوەدا دیاریدەکرێت، بەواتا کردارو داواکارییەکانی دەخاتەڕوو، کە تێیدا بکەر بەداواکراوی دەرەکیو بەرکار بەداواکراوی ناوەکی دەناسرێن، بۆنموونە:

١٤- ئازاد پەنجەرەکەی شکاند. ئازاد: کارایە/ هۆکارە.

١٥- ئازاد دەستی شکا. ئازاد: ملکەچە- ئەوەی بەسەر دەستی ئازاددا هاتووە بە هۆکارێکی نادیارە.

لەڕوانگەی ئاماژەی ناجێناوییەوە لە نموونەی (٩)دا پرسیارێك دێتە ئاراوە، کە ئاخۆ دۆخو ڕۆلپێدان لە ڕستەی بکەرنادیاردا، کە بەرکار شوێنی بکەر دەگرێتەوە چی ڕوودەدات؟ لە وەلامدا دەگوترێت:

لەم جۆرە ڕستانەدا

أ. کردار دۆخ نابەخشێت، واتە ناتوانێت حالەتی بەرکاری/ تەواوکەری ناوەکی بدات.

ب. بزرکەری ئەرگومێنتی/ داواکراوی دەرەکییە.

مجلة جامعة التنمية البشرية / المجلد.٣ العدد.٤ كانون الاول ٢٠١٧: ص ص ١٢٨-١٥٨
e-ISSN: 2411-7757, p-ISSN 2411-7765

لەم ڕوانگەیەوە (Burzio: 1986) دوو خاڵ دەخاتەڕوو، کە بە (Borzio's generalization) دەناسرێت، دەخاتەڕوو:

١. کردارێك، کە بزرکەری ئەرگومێنتی دەرەکی بێت، ناتوانێت ڕۆڵی بەرکار ببەخشێت.

٢. کردارێك، کە توانای بەخشینی ڕۆڵی بەرکاری نەبێت، ناتوانێت ڕۆڵی پیتا بە ئەرگومێنتی دەرەکی بدات(محمد دبیر مقدم: ١٣٨٣: ٤٦٥).

پێشتر ئەوە خراوەتەڕوو، کە بەشێوەیەکی گشتی، بۆهەر حاڵەتو جێگەیەکی ڕێزمانی ڕستە یەك پیتارۆڵ شیاوی هەیە، خودی ئەم حوکمەی چۆمسکی بە پێوەری پیتا (Ɵ- criterion)دەناسرێت.

پێوەری پـیتا:

هەر ئەرگومێنتێك تەنیا یەك ڕۆڵی پـیتابەدەست دەهێنێتو هەر ڕۆڵێکی پـیتاش تەنها بەیەك ئەرگومێنت دەدرێت. لێرەوە دەگوترێت: ڕستە وەك فۆرمێکی ڕێزمانی ئازاد، کە هەڵگری واتاو چەمکەو تێگەیشتن دێنێتە ئاراوە، سێ ئاست بەرجەستە دەکات، ئاستی ژێرەوە، ئاستی سەرەوە، لێکەوتەی فۆرمی لۆژیکی، بەپێی پێوەری پـیتالـە هەریەك لـەم ئاستانەدا هیچ ئەرگومێنتێك زیاتر لـە یەکجار ڕۆڵی پیتا بەدەست ناهێنێتو هیچ ڕۆڵێکی پیتاش بێ سوود نابێتو بە ئەرگومێنتێکەوە پەیوەست دەبێت.

١٦– ئازادپێیوایە، کە دانا بەئاگایە. کرداری پێیوایە ئەو ئەرگومێنتەی داوای دەکات،

دەسپێك بکەری ڕ:ش ڕستەیەکی شوێنکەوتووە.

١٧– ئازادپێیوایە، دانا دەشێتt بەئاگابێت.

دەسپێك



بەرکار بکەر

لەچوارچێوەی تیۆری دەسەلاتو بەستنەوەدا، ناتوانرێت ئەوە لێکبدرێتەوە کە ڕستەی (١٦) ڕۆنانی ژێرەوەو ڕستەی (١٧) ڕۆنانی سەرەوە بێت، چونکە لـە ڕەوتو کاریگەری گواستنەوەی بکەری ڕستەی شوێنکەوتوودا ڕۆڵی پیتایی خۆی لـە گرێی کاری ڕستە شوێنکەوتووەکە وەردەگرێتو دەگوازرێتەوە بۆ جێگەی بەرکاری ڕستەی سەرەکی، ئەو جێگەیە کرداری ڕستەی سەرەکی ڕۆڵی پێدەبەخشێت.

بە وردبوونەوە لـە دوو ڕستەی سەرەوە (١٦، ١٧)، ئەوەی بەدی دەکرێت، کە ئەم دوو ڕستەیە دوو ڕۆنانی ژێرەوەی جیاوازیان هەیە، چونکە وەك پێشتر ئاماژەی بۆکرا ڕۆڵی پیتا لـەدیوی شاراوەدا دیاریدەکرێت، ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت، کە گرێی ناوی (دانا) لـە نموونەی (١٦)دا ڕۆڵی بکەری/ تەواوکەری دەرەکی گرێی کاری (بەئاگایە)ی وەرگرتووە، بەلام لـە نموونەی (١٧)دا، ڕۆڵی بەرکاری/ تەواوکەری دەرەکی لـە کرداری (پێیوایەی) ڕستەی سەرەکی وەرگرتووە.بە واتا بنەماکانی پێوەری پیتا ڕێگەنادات هیچ ئەرگومێنتێك لـە دوو سەرچاوەی جیاوازەوە ڕۆڵی پیتا بەدەست بهێنێت.

## ٢-٥/ تیۆری چاودێریکردن control theory

ئەم وەچە تیۆرە، کە بەشێکی تیۆری بنچو بنەماکانەو بە چاودێریکردن، یان جڵەوگیری بۆ گەڕاوەکان/ سەرچاوە refernce، ناودەبرێت. لەسەرەتادا ئاماژە بۆئەوەکراوە، کە ڕێزمانی گشتی ژمارەیەك پارامێتەر لەخۆدەگرێتو هەر پارامێتەرێکیش خاوەنی دوو بەهایە، کە یەکێکیان پارامێتەری جێناوی خراوە (بڕوانە ل١)، لەم ڕوانگەیەوە ئەم تیۆرە ئاماژەکردن بۆ جێناوێکی خراو لەخۆدەگرێتو بە (pro) دەناسرێت، ڕەوتی کارکردنی (pro) ئاستی شێوەی لۆژیکی زمانە.

پێشتر لە بەشەکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنو گواستنەوەدا، جوڵەو گواستنەوەی ئەرگومێنتەکان بە بەشێکی ئەم ڕێزمانە دانراوە، کە تێیدا بکەری ڕستەی شوێنکەوتوو لە شێوەیەکدا ئاماژەبوو بۆ بکەر یان بەرکاری ڕستەی سەرەکی، کە بەهاوئاماژە – قەرینە– ناودەبرێت. (محمد دبیر مقدم: ١٣٨٣: ٤٦٧) بۆنموونە:

* ١. ئازاد دەیەوێت {کە ئازاد بڕوات بۆ زانکۆ}.

٢. ئازاد دەیەوێت بڕوات بۆ زانکۆ.

لە بەراوردی ڕۆنانو لێکەوتەی لۆژیکی ئەم دوو ڕستەیەدا، ئەوە دەردەکەوێت:

أ. لە ڕستەی یەکەمدا ئەگەر بکەری ڕستەی شوێنکەوتوو یەکسانو هاوئاماژەبن ئەوا ئەو ڕستەیە، ڕستەیەکی ناڕێزمانییە.

ب. بەڵام، گەر بکەری ڕستەی شوێنکەوتوو یەکسانو هاوئاماژە نەبوو ئەوا ڕستەکە ڕستەیەکی ڕێزمان دروستە[1]. وەك:

٣. ئازاد دەیەوێت کچەکەی بڕوات بۆ زانکۆ.

کردەی نیشانەکردن، دەشێت لەنێوان دوو ئەرکی جیاوازی ناوێك یان جێناوێك بێت لە بەشە پێکهێنەرەکانی ڕستەیەکی ئاوێتەدا، وەك یەکسان بوونی بکەری ڕستەی شوێنکەوتوو لەگەڵ بەرکاری ڕستەی سەرەکیدا.

* ٤. دایکەکە منداڵەکەی ڕاهێنا، کە {منداڵەکە شیرەکەی بە کوپ بخوات}.

٥. دایکەکە منداڵەکەی ڕاهێنا، کە شیرەکەی بە کوپ بخوات.

ئەگەرچی ڕستەی یەکەم بە ناڕێزمانی ئەژماردەکرێت، چونکە دووجار فۆرمی (منداڵەکە)، کە هاوئاماژەن دووبارە بۆتەوە، بەڵام ڕستەی دووەم پاش لاخستنی بکەری ڕستەی شوێنکەوتوو، ڕستەکە دەبێتە ڕستەیەکی ڕێزمان دروست.

ئەمەش ئەوە دەخاتەڕوو، کە گواستنەوەی بکەری ڕستەی شوێنکەوتوو بۆ جێگەی بەرکاری ڕستەی سەرەکی لە تیۆری دەسەڵاتو بەستنەوەدا بە پێویست دانانرێت، بەڵکو تەنیا گۆنەکردنو لاخستنی بەهاو ئاماژەکردنیان پێکهاتەی ڕێزمانی دروست دێتە ئاراوە. بە واتایەکی تر ڕۆنانی ژێرەوەی ڕستەکانی (٢، ٥) بە ڕیزبەندی شێوەی (٦، ٧) دەبێت بەو پێیە لە بەرهەمهێنو گواستنەوەدا ناوە دووبارەو هاوئاماژەکانی ڕۆنانی ژێرەوە، دەگۆڕێت بۆ جێناوی ئاماژەیی، کە (pro) دەینوێنێت، لە نموونەی (٦)دا pro پەیوەستە بە بکەری ڕستەی سەرەکیو لە (٧)دا پەیوەستە بە بەرکار.

[1] ئەم بۆچوونە بۆ زمانی ئینگلیزی و هاوشێوەکانی – کە بکەرخراو نین – دروستە، بەڵام بۆ ئەو زمانانەی کە بکەرخراون، وەك زمانی کوردی ڕێگە پێدراوە.

٦. ئازاد دەیەوێت {ر{proبڕوات بۆ زانکۆ}}

٧. دایکەکە منداڵەکەی ڕاهێنا {ر{proشیرەکەی بە کوپ بخوات}}

نموونەکان ئەوە دەخەنەڕوو، کە جێناوی ئاماژەیی جێناوێکی نەبینراوە، هاوشێوەی جێناوی بینراو خاوەنی تایبەتێتی ژمارەو ڕەگەزو کەسە، ئەگەرچی لە هزردا بوونی هەیە، بەڵام لەڕووی دەربڕینەوە نابەرجەستەیە، بە واتا دیاریکارەکانی جێناوی ئاماژەیی لەڕووی ژمارەو کەس و ڕەگەزەوە یەکسانە بە دیاریکارەکانی ئازادو دایکەکە، بۆیە ئەم جێناوە ئاماژەییانە بە زاراوەی جڵەوگیر –controller– ناودەنرێن.

لە نموونەکانی پێشوودا، هەست بە بوونی جێناوی پەیوەست بە بکەرو بەرکاری ڕستەی سەرەکی دەکرێت –لە لێکەوتەی لۆژیکی دەربڕراوەکاندا–، بەڵام لەگەڵ هەندێك کرداردا ئەم کەرەسەیە –جێناوی ئاماژە– بەهەردوو شێوەی جێناوی بینراوو نەبینراو دەردەکەوێت، وەك لە نموونەکانی (٨/أ و ٨/ب)دا بەدیدەکرێت:

٨/أ– تورکیا هەڕەشە لە کورد دەکات، ئاڵای کوردستان لە کەرکوك دادەگرێت.

٨/ب– تورکیا هەڕەشە لە کورد دەکات، کە ئەو ئاڵای کوردستان لە کەرکوك دادەگرێت.

٨/پ– تورکیا هەڕەشە لە کورد دەکات {proئاڵای کوردستان لە کەرکوك دادەگرێت}.

لێکدانەوەی واتایی و چەمکی لۆژیکی هەرسێ ڕستەکە یەکن، لە ٨/أ دا هیچ ئاماژەیەك بۆ بکەری ڕستەی شوێنکەوتوو نییەو لە ٨/ب دا بە ڕوونی ئاماژەی بۆکراوە، بەڵام لە ٨/پ دا ئەگەرچی نەبینراوە هەست بە بوونی دەکرێت، بۆیەproجێگەی دەگرێت.

هەر لەم ڕوانگەیەوە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە چوار جۆر کەتیگۆری بەتاڵ دیاریدەکات، کە بریتین لە:

١. شوێنی گرێی ناوی: واتە ئەو گرێ ناوییەی جوڵاوەو شوێنپێی بۆ دیاریکراوە.

٢. شوێن پێی وشەی پرس: دەشێت زیاتر لە جێیەك بەرزبێتەوە، جێگەی جوڵەکانی بە شوێنپێ دیاریدەکرێت.

٣. جێناوی بکەری خراو pro: ئەو جێناوە بکەرییەی لە ڕێی هاوئاماژەییەوە بوونی لە هەستدا دیاریدەکرێت.

٤. جێناوی ئاماژەیی– PRO/ پێشینە: ناو یان ئەو جێناوەی، جێناوێکی دواتری بۆ دەگەڕێتەوە.

ئەوەی جێی سەرنجە زمانی ئینگلیزی جێناوی بکەری خراوی نییە، تەنها شوێنپێی گرێی ناوی و وشەی پرس و جێناوی ئاماژەیی– PROی هەیە، هاوکات بەمەبەستی بە ئاگابوونی زۆرتر بەراوردێکی جێناوی ئاماژەیی و شوێنپێ دەکرێت، تا خاڵی جیاوازو هاوبەشی نێوانیان بخرێتەڕوو، خاڵی هاوبەشی شوێنپێکان و جێناوی ئاماژەیی، گۆنەکردنیانە– واتە بوونێکی فیزیکیان نییە، لەکاتێکدا چۆمسکی (محمد دبیر مقدم: ١٣٨٣: ٤٦٩) سێ تایبەتێتی بۆ شوێنپێکان دەخاتەڕوو، کە جێناوی ئاماژەیی نییەتی:

١. شوێنپێ دەکەوێتە ژێر ڕکێفی حوکمکردنەوە.

٢. پێشین/ بۆ گەڕاوە شوێنپێی ئەرکی پیتا وەرناگرێت.

٣. مەودای نێوان شوێنپێ و بۆ گەڕاوەکەی پەیوەستە بە بنەمای هاوسێیەتییەوە.

لە گەڕانەوەمان بۆ نموونەکانی (١١و١٣) لە تیۆری دۆخدا (ل١٧) ڕستەی شوێنکەوتوو لە پێکهاتەی ڕستەی تیرەداردایە S̄/ڕ̄ کە بریتی بوون لە:

{ئازاد {گ ك {پێدەچێت t بەئاگابێت}}}.

{ئازاد {گ ك {بێگومان t بەئاگا دەبێت}}}.

ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە شوێنپێ دەکەوێتە ژێر ڕکێفی کرداری ڕستەوە، هاوکات ڕستەکانی (١، ٢، ٥) ل٢٠،ڕ̄ کە ئازاد دەیەوێت {کە ئازاد بڕوات بۆ زانکۆ}.

ئازاد دەیەوێت ڕ̄ بڕوات بۆ زانکۆ.

دایکەکە منداڵەکەی ڕاهێنا ڕ̄ کە شیرەکەی بە کوپ بخوات.

نموونەکان ئەوە دەخەنەڕوو، کە ڕستەی تیرەدار ڕێگری حوکمکردنی کرداری ڕستەی سەرەکییە لەسەر جێناوی ئاماژەیی، نموونەیەکی ئاشکرای ئەم بارە لەم نموونە (٩)دا بەدیدەکرێت، کە تێیدا فۆرمی پەیوەستی تەواوکاری ڕێگری حوکمکردنی جێناوی ئاماژەیی PROلەلایەن کرداری ڕستەی سەرەکییەوەیە.

٩- أ. چرۆ پێیوایە {کە {PROئاسان نییە،خۆی فێربکات}}.

ب. چرۆ پێیوایە {کە {ئەوە ئاسان نییە، خۆی فێربکات}}.

بەم پێیە، چۆمسکی بنەمای گشتی بۆ کەتیگۆری بەتاڵ لەم خاڵانەدا دیاریدەکات:

١. ئەگەر ئەلفا لەوێدا کەتیگۆرییەکی بەتاڵ بێت.

٢. ئەلفا جێناوی ئاماژەییە –PRO، ئەگەرو تەنها ئەگەر لەژێر ڕکێفی دەسەلاتدا نەبێت.

٣. ئەلفا شوێنپێیە، ئەگەرو تەنها ئەگەر بکەوێتە ژێر ڕکێفی دەسەلاتەوە.

بەپشت بەستن بەم بنەمایانە، ئەوە ڕووندەبێتەوە لە نموونەکەدا جێناوی ئاماژەیی/ PROناچێتە ژێر ڕکێفی دەسەلاتی کرداری بنجی ڕستەو، ڕستەی شوێنکەوتووش، کە PROلە پێکهاتەکەیدایە دیسان کاتدار نییەو سەرئەنجام PROبزرکەری دۆخ دەبێت، هەروەك لە پالاوتەی دۆخدا ئاماژەی بۆکرا، PROوەك جێناوێك کە فۆرمو ناوەڕۆکی گۆکردنی نییە، بەدەردەکرێت لە پالاوتەی دۆخدا، دەرچوونی PROلە دەسەلاتی کرداری ڕستەی سەرەکیو بزرکردنی دۆخ ڕوودانو دابەشبوونی ئەم جێناوە تایبەتو سنووردار دەکات، بە گەڕانەوە بۆ ڕستەکانی (١١و١٣) شوێنپێکانی ئاماژەی جوولەی فۆرمی ئازاد – ن–، بزرکەری ئەرکی پیتایە، بەلام لە گۆڕینی شوێنپێ (t) بۆ (PRO) کە بەپێی یاسای بەدەرکردنی پالاوتەی دۆخ ، ئەوا PRO، کە ئاماژەی بکەر یان بەرکارە خاوەنی ئەرکی پیتایە، لە بەرامبەرکردنی ڕستەکانی

١٠/ ١ ئەوە دیارە، کە ئازاد بە ئاگایە.

١٠/ ٢ ئەوە بێگومان، کە ئازاد بە ئاگایە.

لەم نموونەیەدا جێگەی بکەری ڕستەی سەرەکی بە فۆرمی –ئەوە– ی ناجێناوی بزرکەری ئەرکی پیتا پڕکراوەتەوە، بەلام لە ڕستەیەکی وەك (٩) دا، فۆرمی (ئەوە) ناتوانێت بچێتە جێگەی بکەری ڕستەی سەرەکی

چرۆ پێیوایە {کە {ئەوە ئاسان نییە} خۆی فێربکات}.

مجلة جامعة التنمية البشرية / المجلد.٣ العدد.٤ كانون الاول ٢٠١٧: ص ص ١٢٨-١٥٨
e-ISSN: 2411-7757, p-ISSN 2411-7765

ئەوەی لێرەدا بەدیدەکرێت، شوێنپێ ئەنجامی جوڵەی کەرەسەیەکی وەك (ئەوە/ وا) لە جێگەی خاوەنی ئەرکی پیتابۆ جێگەی بزرکەری ئەرکی پیتایە، لە کاتێکدا PROلە هەردوو جێگەی جێناویو ئاماژەییو بۆ گەڕاوەکانیان، خاوەنی ئەرکی پیتان، بۆنموونە:

١/١١ چرۆ پێیوایە {کە ئاسان نییە {t خۆی فێربکات}.

٢/١١ چرۆ پێیوایە {کە ئاسان نییە {PROخۆی فێربکات}.

بۆیە دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، کە پەیوەستکردنی/ هاونیشانەکردنی PROبە بۆگەڕاوەکەی لە چوارچێوەی ئەم وەچە تیۆرەدا دەبێت، ئەگەرچی چێوەیەکی کۆکەرەوەی ئەم تیۆرە دیارینەکراوە، بەڵکو تەنها بە ئاماژەی هاوشێوەیی هاتنە ناوەوەی جۆری کرداری سەرەکی بەئاگایی واتاییو ڕەوتی داواکاری/ شیاوی ناسینەوە، بۆ گەڕاوەی بکەری یان بەرکاری دیاریدەکرێت یان ئەوەتا ئەو جێناوە/ PROبزرکەری بۆگەڕاوەیە، (محمد دبیر مقدم: ١٣٨٣: ٤٧٢).

٢-٦/ تیۆری بەستنەوە: Binding theory

وەچەتیۆرێکی ئەم تیۆرە، تیۆری بەستنەوەیە، کە گرنگییەکەی لەوەدایە، بەشێك لە تیۆری دەسەڵاتو بەستنەوە پێکدێنێتو لە چوارچێوەی تیۆری ستانداردا پەیوەندی نێوان جێناوەکانو بۆ گەڕاوەکانیان بە هاریکاری گواستنەوە ڕێزمانییەکان دەستەبەردەبێت لە چوارچێوەی تیۆری ستانداردی جاکندۆف دا ئەوە بەدەستهاتووە، کە جێناوەکان پێویستە لە ڕۆنانی ژێرەوەدا هەبنو دیاریکردنی هاوئاماژەکانیان لە ئەستۆی بەشی واتاسازیدایە (محمد دبیر مقدم: ١٣٨٣: ٤٧٣).

لە تیۆری بەستنەوەدا دەستەواژە ناوییەکان دابەشی سێ جۆر دەبن:

أ. بۆگەڕاوەکان anaphor هاوئاماژەیی لەنێوان پێشینەو جێناوەکەی دواتری.

ب. جێناوەکان pronorminals جێناوە کەسییەکان (بکەر، بەرکار).

پ. نیشاندەری referential expressions ئاماژەی نیشاندەری ناوە دیاریکراوەکان.

ئەم دابەشبوونە پەیوەستە بە تایبەتێتی جیاکەرەوەی جۆرەکان، بۆ نموونە:

یەکەم:

١/١- میوانەکان یەکتریان بینی. (یەکتریان) جێناوێکی هاوبەشە دەگەڕێتەوە بۆ میوانەکان.

٢/١- دانا پێیوایە، کە خۆی شارەزایە. جێناوی (خۆی) دەگەڕێتەوە بۆ دانا.

٣/١- تۆ پێتوایە، کە دانا خۆی دەخەڵەتێنێ. جێناوی (خۆی) دەگەڕێتەوە بۆ دانا.

دووەم:

٢- ئازاد پێیوایە، کە ئەو شارەزایە. ئەو جێناوێکی ئازادە.

سێیەم:

٣- ئەو وتی، كە دانا شارەزایە. دانا ناوێكی ئازادە.

نموونەكان ئەوە دیاریدەكەن، كە بۆ گەڕاوەو جێناوو ناوی ئازاد وەك دەستەواژەی ناوی جیاكراونەتەوە. بەم پێیە دابەشبوون جیاكردنەوەی گریٚ ناوییەكان پێویستیان بە دیاریكردنی مەودا هەیە، چۆمسكی ئەم مەودایە، بە كەتیگۆری حوكمكەر دەناسێنێت.

## ٢-٦-١/كەتیگۆری حوكمكەر: governing category

پێشتر لە لێكدانەوەی تیۆری دەسەلاٚتدا، ئاماژە بۆ دەسەلاٚتی پێكهاتەیی كرا، كە تێیدا ڕێككەوتنی كاتو كەس -INFL- دەسەلاٚتداریێتی بەسەر هەردوو گرێی ناویو كرداریدا خراوەتەڕوو، هاوكات باس لە دەسەلاٚتی پێكهاتەیی كەرەسە هاوشانەكان كرا، بەوەی ئەلفا (a) دەسەلاٚتی پێكهاتەیی بەسەر بێتا (B) دا هەیە، ئەگەر a زاڵ نەبێت یان نەڕوانێت بەسەر B دا، چونكە هەر پرۆژەیەكی گەورەكراوی زۆرینەی XP دەسەلاٚتدار دەبێت بەسەر a وB داو بە حوكمكردن دەناسرێت، هەر لەم ڕوانگەیەوە دەگوترێت: (وی. جی كوك. مارك نیوسان،١٣٨٧: ٢١٨). a دەسەلاٚتدارە بەسەر B دا ئەگەرو تەنها ئەگەر:

١. aیەك دەسەلاٚتدارە (وەك:N، V، P، A...).

٢. a و B بەشێوەی دوولایەنە دەسەلاٚتی پێكهاتەییان هەیە.

لە خاڵی یەكەمدا:

أ. ئەوە ڕووندەبێتەوە، كە تەنها چەند بەشە ئاخاوتنێكی وەك (ناو، كردار، پێشناو، ئاوەڵناو) مەرجی حوكمكردنیان هەیە.

ب. حوكمكردن سنوورێكی دیاریكراوی هەیە واتە لە مەودایەكی دیاریكراودا دەسەلاٚتدارە.

لە خاڵی دووەمدا دەسەلاٚتی پێكهاتەیی كەرەسە پێكهێنەرەكانی ڕستە دیاریدەكات لە ڕوانگەی ڕێكەوتنو جێكەوتە پێكهێنەرەكانی ڕۆنانی سەرەوەی ڕستە وەك پێشتر لە شیكاری درەختیدا خراوەتەڕوو.

هەر لەم بۆچوونەوە ئاماژە بۆئەوە دەكرێت، كە B (بێتا) كەتیگۆری حوكمكەرە بۆ a (ئەلفا) ئەگەرو تەنها ئەگەر B بچوكترین كەتیگۆری بێت، كە دەستی بگاتە a، بكەریٚ بەخۆی بگرێت، بە واتایەكی تر كاتێك B حوكمكەر دەبێت، كە خاوەنی بكەر بێت، لێرەدا مەبەست لە بكەر ئەو گریٚ ناوییە نییە، كە حاڵەتی بكەری هەبێت بەڵكو مەبەست لەو كەرەسەیەیە، كە لە ڕستەی سەرەكیو شوێنكەوتووی كاتداردا ڕێككەوتنی لەگەڵ بكەر هەبێت، بە واتا ئەو گریٚ ناوییانەی پێش كرداری ڕستەی شوێنكەوتووی چاوگی یان بیٚ كاتدا دێن بە بكەر دادەنرێن، بە واتا وشەی بكەر، كە فۆرمێكی بەرجەستەیەو ڕستەش هەمیشە كەتیگۆرییەكی حوكمكەری بەهێزی هەیەو پێویستی بە بكەر هەیەو گریٚ ناوییەكان ئەو ئەركە دەبینن‌و بە كەتیگۆرییەكی حوكمكەری بەتوانا دادەنرێن، لەم ڕووەوە چۆمسكی سیٚ بنەما بۆ چۆنێتی ڕوودانو دابەشبوونی گریٚ ناوییەكان، (واتە ئەلفا لە لێكدانەوەی كەتیگۆری حوكمكەردا) دیاریكردووە، ئەم سیٚ بنەمایە، پێكەوە پێكهێنەری تیۆری بەستنەوەن، كە بریتین لە:

مجلة جامعة التنمية البشرية / المجلد.٣ العدد.٤ كانون الاول ٢٠١٧: ص ص ١٢٨-١٥٨
e-ISSN: 2411-7757, p-ISSN 2411-7765

١. بۆ گەڕاوەکان/ ئەنافۆرەکان لە کەتیگۆری حوکمکەردا پەیوەستن.

٢. جێناوە کەسییەکان لە کەتیگۆری حوکمکەردا ئازادن.

٣. دەستەواژە ئاماژەدەرەکان ئازادن. (محمد دبیر مقدم: ١٣٨٣: ٤٧٥).

یەکەم: چۆمسکی (سەرچاوەی پێشوو) پەیوەستبوون بە چەمکێکی هونەری دادەنێتو هاوکێشەیەك بەمجۆرە دەخاتەڕوو:

پەیوەستبوون: a ئەلفا پەیوەستە بە B (بێتا)وە، ئەگەرو تەنها ئەگەر هاوشان بن‌و B دەسەڵاتی پێکهاتەیی بەسەر a دا هەبێت.

بەپێی ئەم بنەمایە: فۆرمی پێشینە بۆ گەڕاوەیەکی هەیە، کە لەهەمان ڕستەدایە، کە دەبێت پێشینە دەسەڵاتی پێکهاتەیی بەسەر ئەنافۆرەکەیدا هەبێت، بۆنموونە:

١. کوڕەکان یەکتریان بینی.

جێناوێکی هاوبەشە، دەگەڕێتەوە بۆ کوڕەکان.

بە واتا ئەنافۆر پەیوەستدارێکی هەیە، کە پێشینەیەو هاوئاماژەن پێکەوە سەری حوکمکەری پێشینەو ئەنافۆر کرداری ڕستەکەیە (بینی) ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت، کە لە پێکهاتەی ڕستەدا بۆگەڕاوەو حوکمکەر بوونیان هەیە، بەپێی چەمکی پەیوەستبوون، فۆرمەکانی کوڕەکان‌و یەکتریان پێکەوە هاوشانن‌و پێشینە دەسەڵاتی پێکهاتەیی بەسەر بۆگەڕاوەدا هەیە.

٢. داناخۆی لاپەسەندە.

پێشینە  جێناوی خۆیی (ئەنافۆرە).

لەم نموونەیەدا جێناوی (خۆیی) دەبێتە بۆگەڕاوە بۆ (دانا)، کەتیگۆری حوکمکەری (خۆی) کۆی ڕستەکەیە، چونکە لە پێکهاتەی ڕستەکەدا بۆگەڕاوەو حوکمکەرەکەی (واتە کردار) هەن، هەر ئەمەش وایکردووە پێشینەو بۆگەڕاوە هاوشان بن، دەسەڵاتی پێکهاتەیی پێشینە بەسەر بۆگەڕاوەدا هەبێت.

٣. دانا پێیوایە، خۆی شارەزایە.

لەم نموونەیەدا، کە دەربڕراو ڕستەیەکی ئاوێتەیە، جێناوی (خۆی)، لە ڕستەی شوێنکەوتوودایەو پێشینەکەی (دانا)یە، لە ڕستەی سەرەکیدا، کەتیگۆری حوکمکەر کۆی ڕستەکەیە، کرداری (پێیوایە) داواکاری بکەرو بەرکارە -کە ڕستەی شوێنکەوتووە- لە کۆی ڕستەکەدا (دانا)و جێناوی (خۆی) هاوشانن، بۆیە (دانا) دەسەڵاتی پێکهاتەیی بەسەر (خۆی)دا هەیە، لە شیکاری درەختیدا ڕۆنانی سەرەوە دەخرێتەڕوو.




٤. ئازاد پێیوایە، دانا خۆی دەخەڵەتێنێت.

ئەوەی لەم نموونەیەدا مەبەستە خستنەڕووی دەسەڵاتدارێتی، کرداری دەخەڵەتێنێت، کە داوای بکەرو بەرکار دەکات، واتە لە ڕستەی شوێنکەوتوودا پێشینەو بۆگەڕاوە هاوشانی یەکن، (دانا) دەسەڵاتی پێکهاتەیی بەسەر (خۆی)دا هەیەو ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت، کە بۆگەڕاوەکان لە کەتیگۆری حوکمکەری خۆیاندا پەیوەستن.




٥. أ. چرۆ بینی {NP وێنەی دانا هی خۆیەتی}.
i i

ب. چرۆ بینی {NP وێنەکە هی خۆیەتی}.
i i

**لە (أ) دا، لە ڕستەی شوێنکەوتوودا، کەتیگۆری حوکمکەر گرێی ناوی جێگیرە، چونکە لە پێکهاتەی گرێی ناویدا جێناوی خۆیی –خاوەنێتی–و هی حوکمکەرو خستنەپاڵ هەیەو وێنەی دانا گرێی ناوی بکەرییە.**

**لە (ب)دا، لەگەڵ ئەوەی جێناوی خۆیی –خۆیەتی–و حوکمکەرەکەی لە ڕستەی شوێنکەوتوودان، بەڵام گرێی ناوی نابێتە حوکمکەر، چونکە (وێنەکە) بزرکەری دۆخی بکەرە، لەکاتێکدا گرێی ناوی (چرۆ) لە ڕستەی سەرەکیدا دەبێتە پێشینەی جێناوی خۆیی.**

**٦–أ– دانا خۆی خەڵەتاند.**

**٦–ب– دانا t خەڵەتێنرا.**

**لە بەراوردی ئەم دوو ڕستەیەدا، تێبینی ئەوەدەکرێت، کە لە: (أ) دا جگەلەوەی، کە (دانا) دەسەڵاتی پێکهاتەیی بەسەر (خۆی) بۆگەڕاوەکەیدا هەیە، هاوکات هەردووکیان هاونیشانەن، بۆیە لە بکەر نادیاردا، خۆی دەگۆڕێتەوە بۆ (دانا) بە واتا (دانا) لە بریتی (خۆی) بۆگەڕاوەیە، بەپێی ڕەوتی a ئەلفا بجوولێنە بۆ جێگەی ڕەوتی بەتاڵی بکەری ڕستە گوازراوەتەوە، بەمەش داناو شوێنپێی هاوشانن، کەواتە لە (ب) دا کەتیگۆری حوکمکەر لە نموونەکەدا، کۆی ڕستەیە، چونکە لەپێکهاتەی ڕستەکەدا، بۆگەڕاوەو حوکمکەر هەن، حوکمکەر کرداری ڕستەیە –خەڵەتێنرا– هاوکات (دانا) دەسەڵاتی پێکهاتەیی بەسەر شوێنپێکەیدا هەیە، بەم پێیە ڕێزمان دروستی ڕستە لەوەدا بەرجەستە دەبێت، کە بۆگەڕاوەکان لە کەتیگۆری حوکمکەردا پەیوەستن.**

**لە لێکدانەوەی نموونەکان پەیوەست بە خاڵی**

**یەکەم: بۆگەڕاوەکان/ ئەنافۆرەکان لە کەتیگۆری حوکمکەردا پەیوەستن ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە:**

1. **جێناوە هاوبەشەکان دەبنە بۆگەڕاوەی ناوەکانی پێشینەیان.**
2. **جێناوی خۆیی لە ڕستەی سادەدا هاوشانەو لەژێر دەسەڵاتی پێکهاتەیی پێشینەدایە.**
3. **دەشێت جێناوی خۆیی لە ڕستەی شوێنکەوتوودا بۆگەڕاوەی پێشینەیەك بێت لە ڕستەی سەرەکیدا.**
4. **هاوکات دەشێت پێشینەو بۆگەڕاوە لە ڕستەی شوێنکەوتوودابێت.**
5. **لە ڕستەی بکەرنادیاردا بۆگەڕاوەو شوێنپێکەی هاوشان دەبن، کرداری ڕستە سەری حوکمکەر دەبێت.**
6. **جێناوی خۆیی –خاوەنێتی– دەبێتە بۆگەڕاوە لە ڕستەی شوێنکەوتوودا ئەگەر گرێی ناوی خاوەنێتی –بکەری ڕستەبێت.**

**دووەم: جێناوە کەسییەکان لە کەتیگۆری حوکمکەردا ئازادن:**

**هەرکاتێك جێناوی کەسی لە پێکهاتەی ڕستەدا پێشینەی نەبوو، ئەوا ئەو جێناوە ئازادەو پەیوەست بە گرێیەکی ناوی پێش خۆیەوەنییە، جا ئەو ڕستەیە سادەبێت، شوێنکەوتووبێت یان ئاوێتە.**

٦. ئێوە تێبینییەکانتان بخەنەڕوو. جێناوی کەسی سەربەستە.

٧. ئازاد تۆی بینیوە. جێناوی کەسی سەربەستە.

٨. من دەزانم، کە {ئێوە بەئاگان}. ئێوە لەڕستەی شوێنکەوتوودا سەربەستە واتە هیچ گرێیەکی ناوی دەسەڵاتی پێکهاتەیی لە کەتیگۆری حوکمکەردا بەسەر (ئێوە)دا نییە، تەنها ڕەگەزی INFL ڕێکەوتنی کاتو کەسی (ئێوە بەئاگان) گونجاندنو تەبایی هەیە، واتە هیچ گرێیەکی ناوی وەك پێشینە بۆ جێناو لە ڕستە شوێنکەوتووەکەدا نییە. بەڵام لە نموونەی:

٩. ئازاد پێیوایە، کە {ئەو بەئاگایە}.

لەم نموونەیەدا:

أ. ئەو: جێناوێکی سەربەستە، لە ڕستەی شوێنکەوتوودا.

ب. (ئازاد) پێشینەیە بۆ (ئەو)، واتە ئەو بۆگەڕاوەی ناوی (ئازاد)ە.

بەم پێیە، بنەمای پۆلکردنی جێناوەکان بۆ پەیوەستو ئازاد، قەڵەمڕەوی حوکمکردنی ئەو گریَ ناویانەن، کە هاوشانو هاوئاماژەنو دەسەڵاتی پێکهاتەییان بەسەر جێناوەکاندا هەیە، تەنانەت ئەگەر لە ڕستەی ئاوێتە یان لێکدراودا بێت.

سێیەم: دەستەواژە ئاماژەدەرەکان ئازادن:

مەبەست لە دەستەواژە ئاماژەدەرەکان، ئەو گریَ ناویانەی لە پێکهاتەی ڕستەدا ناو دەیاننوێنن و ڕۆڵی ڕێزمانی جیاواز دەبینن، بەگشتی ناو وەك نیشانەو ئاماژە دەبێتە پێشینە، نەك بۆ گەڕاوە، بۆیە هەمیشە ئازادە، بۆ نموونە:

١٠/أ- داناهات.

١٠/ب- دانا ئازادی بینی.

١٠/پ- دانا هاتو نەوزاد ڕۆیشت.

١٠/ت- دانا پێیوایە، کە چرۆ وریایە.

ناوەکان بەگشتی ئازادن، لە کەتیگۆری حوکمکەری خۆیاندا بە هیچ پێشینەیەکەوەپەیوەست نین.

هەر لە چوارچێوەی تیۆری بەستنەوەدا ئاماژە بە جێکەوتەی جێناوی ئاماژەیی pro دەکرێت، سەرەتا لەگەڵ ئەوەی جێناوی ئاماژەیی وەك جێناوە کەسییەکانن، بۆیە بۆگەڕاوەیان وەك بۆگەڕاوەی جێناوە کەسییەکان، هیچ کات لە پێکهاتەی ئەو ڕستەیەدا نییە، کە جێناوە ئاماژەییەکەی تێدایە، لەلایەکی ترەوە جێناوی ئاماژەیی بەپێشینەگەلێکی هاوشێوە دەچوێنرێت، چونکە ئەم ڕەگەزە نەبینراوە، هەروەك پێشینەکان لە ڕوانگەی ئاماژەدان بە خودی خۆی نییە، بەڵکو لە ڕێگەی پێشینەیەك بکەر، یان بەرکاری ڕستەی سەرەکی، ئاماژەدان بەدیدێت یان لە بنەڕەتدا بزرکەری ئاماژەدان دەبێت، بەپێی ئەم تێگەیشتنە، چۆمسکی جێناوی ئاماژەیی بە جێناوی بۆگەڕاوە دادەنێت -pronominal anaphor- (محمد دبیر مقدم: ١٣٨٣: ٤٨١).

بە واتا هەردوو بنەمای تیۆری بەستنەوە:

١. بۆگەڕاوەکان لە کەتیگۆری حوکمکەردا پەیوەستن.
٢. جێناوەکان لە کەتیگۆری حوکمکەردا ئازادن } پێڕەو دەکات.

بەوپێیە بنەمای یەکەم، جێناوی ئاماژەیی –PRO– دەبێت لە کەتیگۆری حوکمکەردا پەیوەست بێتو لە دووەمدا ئازاد دەبێت، ئەمەش کاتێك ڕوودەدات، کە جێناوی ئاماژەیی خاوەنی کەتیگۆری حوکمکەر بێت، خۆ ئەگەر جێناوی ئاماژەیی خاوەنی کەتیگۆری حوکمکەر نەبێت، ئەوا ناکەوێتە ژێر ڕکێفی حوکمکردنەوە. لەڕاستیدا ئەم بۆچوونە دژبەیەکییەك دێنێتە ئاراوە، بەوەی، کە جێناوی ئاماژەیی –PRO– دەبێت خاوەنی کەتیگۆری حوکمکەر بێت، لەکاتێکدا جێناوی PROناکەوێتە ژێر ڕکێفی حوکمکردنەوە، بەڵکو بەپێی تیۆری چاودێریکردن –وەك لە نموونەی ٩–ل٢٢دا لێکدانەوی بۆکراوە، کە ئەنجامی لۆژیکی ڕەفتاری جێناوی PROیە لە تیۆری بەستنەوەدا، ئەم بنەمایەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئەم جێناوە لە سەرێکەوە تایبەتێتی بۆگەڕاوەی هەیەو لەسەرێکی تریشەوە تایبەتێی جێناوەکان.

## ٢–٦–٢/جێناوی ئاماژەیی لەژێر ڕکێفی حوکمکردندا نییە:

پێشتر ئەوە خرایەڕوو، کە جێناوی ئاماژەیی خاوەنی هەردوو تایبەتێتی بۆگەڕاوەو جێناوییە دواتر ئاماژە بۆئەوەکرا، کە تیۆری بەستنەوە دەرخەری ڕووداو دابەشبوونی جێناوی ئاماژەییە، بەوەی جێناوی ئاماژەیی لەو شوێنەدا دەردەکەوێت، کە لەژێر ڕکێفدا نییە، لە بنجدا جێگەی بکەری ڕستەی بێ کاتن –کاتو کەسدار نین– بەڵام لەو شوێنەی جێناوی ئاماژەیی کەتیگۆری حوکمکەری نییەو لەژێر ڕکێفدا نییە، ڕێکخەری پەیوەندی نێوان جێناوەکەو پێشینەکەی پەیوەندی چاودێریکردنە نەك بەستنەوە، بەواتا پەیوەستە بە تیۆری چاودێریکردنەوە، نەك تیۆری بەستنەوە.

بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی باری جێناوی ئاماژەیی –PRO– لە تیۆری بەستنەوەدا بەناوی بۆگەڕاوەی جێناوی، چۆمسکی لە کتێبی (a ١٩٨٢)ی کە تەواوکەری کتێبی وتارگەلێك لە حوکمکردنو بەستنەوەدایە، پلەبەندی خوارەوەی بۆ دەستەواژە ناوییەکان خستۆتەڕوو، خودی پلەبەندییەکە پشتی بەستووە بە دوو دیاریکار.

{± بۆگەڕاوە}/ {anaphoric±}و {± جێناوی}/ {pronominall±}

لەم هاوکێشانەدا ڕوونی کردوونەتەوە.

ئاماژەیە بۆ گەڕاوە {+anaphor, -pronominal}

ئاماژەیە بۆ جێناو {-anaphor, +pronominal}

ئاماژەیە بۆ جێناوی ئاماژەیی {+anaphor, +pronominal}

ئاماژەیە بۆ دەستەواژەی ئاماژەدەر {-anaphor, -pronominal}(محمد دبیر مقدم:١٣٨٣: ٤٨٣)

لە جۆری یەکەمدا: بۆگەڕاوە جێناوی خۆیو هاوبەش وەك کەرەسەی فەرهەنگیو بۆگەڕاوەی بەتاڵ بە واتا شوێنپێی گرێی ناوی، دەگرێتەوە.

لە جۆری دووەمدا: ئاماژەیە بۆ جێناوە کەسییە فەرهەنگییەکان وەك: his ،him ،he. لە کوردیدا من، تۆ، ئەو... هەر لەم ڕوانگەیەوە بە گەڕانەوە بۆ کتێبی (a ۱۹۸۲) چۆمسکی، جێناوە بکەرییە خراوەکان pro بۆ ئەم جۆرە زیاد دەکات کە بە proی بچووك ئاماژەی بۆکراوەو ڕەگەزێکی جێناوی هاوشێوەی جێناوە کەسییەکانەو لە تیۆری بەستنەوەدا وەك جێناوە کەسییەکان لە کەتیگۆری حوکمکەردا ئازادە.

لە جۆری سێیەمدا: جێناوی ئاماژەیی، کە بۆگەڕاوەی جێناوی بەتاڵە، جێگەی هەیە.

لە جۆری چوارەمدا: ئەو ناوانەی تەواون/ یەکەی فەرهەنگین، هەروەها شوێنپێی وشەی پرس واتە جێگەیان بەتاڵە دەگرێتەوە.

لەڕوانگەی ئەم هەنگاوەوە، ئەوە بەپێویست دەزانرێت، کە بەراورد لەنێوان PROی گەورەو pro ی بچووك بکرێت، Matthews، pro بەوە دەناسێنێت، کە: لە ڕوانگەی دەنگسازییەوە، خستنەڕووی ڕەگەزێکی بەتاڵە، کاتێك کرداری ڕستە بکەرێکی دەرکەوتووی نەبێت، واتە جۆری ڕستە بکەرخراوبێتو بە کەتیگۆری بەتاڵ ناودەبرێت، هاوکات PROبەوە جیادەکاتەوە، کە ڕەگەزێکی بەتاڵی جێگیرکراوە لە تیۆری بنچو پارامێتەرەکاندا لە پێکهاتەی دەربڕاوەکاندا، کاتێك کردار لە سنووری ڕستەکەیدا بکەرێکی ئاشکرای نەبێت، وەك ئەوەی لە ڕستەیەکی ئاوێتەدا:

(Matthews: 2011: 320) ،{She wonted (PRO to leave)}

۱۱- کچەکە دەیویست {PROبڕوات}. بەواتا دووبارەنەکردنەوەی بکەر لەڕستەی شوێنکەوتوودا بە PROئاماژەی بۆکراوە، ئەگەرچی زمانی ئینگلیزی زمانێکی بکەرخراو نییە، هاوکات فۆرمی (wanted) سیمای کاتی ڕابردووی هەڵگرتووە، کە پێچەوانەی ڕستەی بێ کاتە، دیسانلە ڕوانگەی ئابوریکردنەوە، زمانی کوردی جگەلەوەی، کە زمانێکی بکەرخراوە هاوکات کەرەسەی دووبارەبوو لە ڕستەی لێکدراوو ئاوێتەدا گۆناکرێتو pro جێگەی دەگرێتەوە، دەشێت ناو یان کردار یان گرێ... بێت، کە Mattews بە pro- forms ئاماژەی بۆکردووە، هاوکات لەچوارچێوەی ئەم باسەدا، ئاماژە بۆ ڕستەی بێ کات کراوە، کە تێیدا جێکەوتەی بکەر فۆرمێکی نابکەری جێگەی دەگرێتو بە لابردنی PROجێی دەگرێتەوە، لە زمانی ئینگلیزیدا فۆرمەکانی there ،itی ناجێناوی بەپێی تیۆری پێتا دەیاننوێنن[1]لە زمانی کوردیدا فۆرمەکانی وا/ وەها، ئەوە ئەو ڕۆڵە دەبینن وەك:

۱۲- ئەوە دیارە، کە ئازاد نەهاتووە.

۱۳- PROدیارە، کە ئازاد نەهاتووە.

۱٤- واپێدەچێت، کە ئازاد نەهاتبێت.

۱٥- PROپێدەچێت، کە ئازاد نەهاتبێت.

بەم پێیە فۆرمەکانی (ئەوە- وا) جێناو نینو بەلابردنی جێگەکانیان بەتاڵ دەبێتو pro شوێنیان دەگرێت، ئەمانەش ئەوە دەخەنەڕوو، کە زمانی کوردی لەپاڵ فرەچالاکی proی بچووکدا لە یاساکانیدا ڕێگە دەدات PROی گەورە بەکاربهێنرێت، وەك لە نموونەکاندا خراوەتەڕوو. شایەنی سەرنجە، محەمەد مەحوی ئاماژە بۆئەوە دەکات کە زمانی کوردی بەتەنها proیان وەك بکەر هەیە. (محەمەدی مەحوی، ۲۰۰۱، ۱۸٥)

[1] بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە (محمد دبیر مقدم، ۱۳۸۳، ٤٥٦).

e-ISSN: 2411-7757, p-ISSN 2411-7765

**لە کۆتایی لە لێکدانەوەو شیکاری وەچە تیۆرەکانی تیۆری دەسەڵاتو بەستنەوەدا دەتوانرێت بگوترێت: تیۆری دەسەڵاتو بەستنەوە لە چوارچێوەی ڕێزمانی گشتیدا، فراوانترین ڕێبازی شیکارو لێکدانەوەی زمانە جۆراو جۆرەکانی جیهانە، پێڕەوێکی گونجاوە لە لێکدانەوەی ڕستەو دەربڕاوەکانی زمانی کوردیدا بەپێی وەچە تیۆرە پێکهێنەرەکانی، بەواتا ئەو یاساگەلەی بەگشتی بوونەتە بنەمای ئەم تیۆرە زمانی کوردی لەگەڵیدا دەڕواتو تێیدا تایبەتێتی خۆی دەپارێزێت.**

## ئەنجام:

**تیۆری دەسەڵاتو بەستنەوە، کە هەڵقولاوی بنچو پارامێتەرەکانە، ڕێبازێکی گرنگە لە خستنەڕووی تایبەتێتی زمانەکان، بەپێی وەچەتیۆرە پێکهێنەرەکانی، زمانی کوردی -کرمانجی ناوەڕاست- پێڕەوکەرێکی چالاکە لە:**

**١- هەردوو جۆری گواستنەوە، سەرپشکانەو بە خورتی، لە ئاخاوتنی کورددا پێڕەو دەکرێت.**

**٢- دەسەڵات، پێویستی کەرەسەیەك بە کەرەسە گەلێکی تر، لە دەسەڵاتی پێکهاتەییو حوکمکردندا فەراهەم دەبێت -شیکاری نموونەکان دەرخەری ئەم دوو چەمکەیە لە زمانی کوردیدا-.**

**٣- لە کرمانجی ناوەڕاستدا پێدانی دۆخی زگماکی بە گرێی ناوی، بەدی ناکرێت.**

**٤- ڕۆڵپێدانو بەخشینی دۆخ دوو ئاڕاستەی جیاوازن، بەواتا حاڵەتێکی پێکهاتەیی دەتوانێت ڕۆڵی پیتایی جۆراوجۆر ببینێتو دۆخی ڕێزمانی دیاریکراو وەربگرێت.**

**٥- ئەو جێکەوتە بکەریانەی، بە فۆرمی ناجێناوی پڕدەکرێنەوە، لە تیۆری دۆخدا ڕۆڵی بکەریان پێدەدرێت، بەڵام لە پیتارۆڵدا بزرکەری ڕۆڵنو بە جێکەوتەی بەتاڵ دەناسرێن.**

**٦- ئابووریکردن لە دەربڕینەکاندا، بەتایبەت لە جووڵەوگۆنەکردنی فۆرم گەلێكو سپاردنی پڕکردنەوەی شوێنەکانیان بە PROلە چوارچێوەی تیۆری چاودێریکردندا دەبێت. ئەگەرچی زمانی کوردی زمانێکی بکەرخراوە.**

**٧- جێناوەکان دابەشدەبن بۆ جێناوی کەسیو جێناوی ئاماژەیی -کە بۆگەڕاوەی جێناوی بەتاڵە هەردوو PRO-proدەیاننوێنن، چالاکی pro یان pro- form لە کوردیدا زۆرترە.**

## سەرچاوەکان:


١. ابوبکر عمر قادر، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردیو فارسیدا، ٢٠٠٣ (نامەی دکتۆرای بلاونەکراوە).

٢. پارتیکل لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی B، ژ ٢٢، ٢٠٠٧.

٣. سەلاح حەویز رسول، پرەنسیپی بە ئابوریکردن لە زمانی کوردیدا، لە ڕوانگەی تیۆری دەسەلاتو بەستنەوەو بچووکترین پرۆگرامدا، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر ٢٠١٤.

٤. کاروان عمر قادر، ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا، کوردۆلۆجی، ٢٠٠٨.

٥. محەمەد مەحوی، ڕستەسازی کوردیی، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠١.

٦. محمد معروف فتاح، باس لەجۆرێك لە ڕستەی کوردیدا، ڕۆشنبیری نوێ، ژ ١٢٨، ١٩٩٢.

٧. وریا عمر امین، ئەلۆمۆرفی ڕێزمانی، ڕۆشنبیری نوێ، ژ ١٢٢، ١٩٨٩.

٨. محمد دبیر مقدم، زبانشناسی نظری، پیدایشت وتکوین دستور زایشی (ویراست دوم) سازمان تدوین کتب علوم دانشگاهها (سمت) تهران، ١٣٨٣ (٢٠٠٤).

٩. وی جی کوك، مارك نویسان، دستور زبان جهانی چامسکی (ویرایشی دوم) مترجم: ابراهم چگنی، تهران، رهنما، ٢٠٠٩.

١٠- Matthews, p.h. (2007). The concise Dictionary of linguistics. Oxford: oxford University press.